ولاتپارێزێکی قەڵای هەولێر

د. ئەنوەر دڵسۆز (1924- 1993)

تاریق جامباز

منتدى إقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

باشووری کوردستان- هەولێر- 2025

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

وڵاتپارێزێکی قەڵای هەولێر

د. ئەنوەر دڵسۆز (١٩٢٤- ١٩٩٣)

تاریق جامباز

باشووری کوردستان- هەولێر

٢٧٢٥ کوردی ٢٠٢٥ زایینی

ناونیشان: وڵاتپارێزێکی قەڵای هەولێر (د. ئەنوەر دڵسۆز)

نووسەر: تاریق جامباز

بابەت: مێژوویی

تایپ: شوان عەلی حاجی

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: بەهارە عەبدوڵڵا

هەڵەچنین: کەریم سۆفی

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٥ ز – ٢٧٢٥ کوردی

چاپخانە: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

تیراژ: (٥٠٠) دانە

ئیمێڵ: jambaz3@yahoo.com

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی (١٢٧٩)ی ساڵی (٢٠٢٥)ی پێدراوە

ناوەڕۆک

ژ	بابەت	لاپەڕە
١	سوپاس و پێزانین	٤
٢	زۆر پێویستە ئەزموونی کەسایەتییە دیارەکان...	٥
٣	بنەماڵەی ئەنوەر دڵسۆز	١١
٤	خزم و ناسیاوەکانی دڵسۆز	١٣
٥	ولاتپارێزی لە قەڵای هەولێر	١٥
٦	چاوپێکەوتەکان	١٦
٧	لەگەڵ کاك نیازی برای دڵسۆز – ٢٠٢٥/٨/١٧	١٦
٨	لەگەڵ کاك نیازی برای دڵسۆز – ٢٠٢٢/١٢/٢٢	٣٢
٩	لەگەڵ هاورینی کچی دڵسۆز- ٢٠٢٢/١/٢١	٣٥
١٠	لەگەڵ هاوینی کچی دڵسۆز – ٢٠٢٣/٣/٩	٣٨
١١	لەگەڵ سامالی کچی دڵسۆز – ٢٠٢٣/٣/١٨	٥٠
١٢	گەنجێکی قەڵای هەولێر لە ڕۆژنامەگەری سەردەمی	٥٣
١٣	بەڵگەنامەکان	٧٠
١٤	وێنەکان	١١٤
١٥	ڕوونکردنەوەی پێویست	١٢٧
١٦	ژیاننامەی نووسەر	١٣٤
١٧	پەراوێز	١٤٠
١٨	سەرچاوە	١٤١

سوپاس و پێزانینم

بۆ ئەو بەرێزانە ئەگەر ئەوان نەبوان، ئەم بەرهەمە ڕووناکی نەدەبینی:

١) نیازی برای.	٢٠) نەوزاد عەلی ئەحمەد.	٣٩) فەرهاد عەونی.
٢) د. هەورۆ کوڕی.	٢١) شێروان حەیدەری.	٤٠) فەیسەڵ دەباغ.
٣) هاوینی کچی.	٢٢) ئەیاد حاجی نامیق بەقال.	٤١) د. ئەحمەد حەمەد ئەمین.
٤) سامالّی کچی.	٢٣) نەجات یاسین نەجار.	٤٢) عارف روشدی.
٥) عوسمان موفتی ناموّزای.	٢٤) د. نەجاتی عەبدوڵلا.	٤٣) هەڵگورد جندیانی.
٦) محەمەد شوکری خزمی.	٢٥) د. ئەحمەد باوەڕ.	٤٤) تەلعەت حاجی یەحیا.
٧) د.جەمشید حەیدەری.	٢٦) د. موحسین محەمەد حسێن.	٤٥) ئیبراهیم جەلال.
٨) د. ڕەشاد میران.	٢٧) سەعدی دزەیی.	٤٦) شێخ محی الدین شێخ عەبدوڵلا.
٩) د. دانەر ئەبوبەکر مستەفا.	٢٨) د. جەبار قادر غەفور.	٤٧) د. دارا یارا.
١٠) د. کوردستان موکریانی.	٢٩) سەید داود سەید فەتاح.	٤٨) دارا عەتار.
١١) د. ڕێزان حوسێن ڕەشوانی.	٣٠) نازاد عیزەدین مەلا فەندی.	٤٩) د. ئیسماعیل حەساف.
١٢) د. شوکریە ڕەسوڵ.	٣١) دلێر ئەحمەد ناکۆ.	٥٠) د. وریا عومەر ئەمین.
١٣) د. عەبدوڵلا غەفور.	٣٢) عەدنان موفتی.	
١٤) د. دلێر نوری شاوەیس	٣٣) د. شوان خۆشناو.	
١٥) د. ئیبراهیم دزەیی.	٣٤) د. مەهدی محەمەد قادر.	
١٦) تاریق ناکرەیی.	٣٥) د. هیمداد حوسێن.	
١٧) ڕءوف جامباز.	٣٦) مومتاز حەیدەری.	
١٨) جەودەت وشیار.	٣٧) فەرید ئەسەسەرد.	
١٩) د. ئیسماعیل شوکر.	٣٨) حەسەن یاسین.	

زۆر پێویستە نەزموونی کەسایەتییە دیارەکان وەک(بیرەوەری- یاداشت- یادەوەری) بنووسرێتەوە

دەستپێک

خوێندنەوەی کتێبی (کوردبوون)[*] لە ناخەوە هەژاندمی کە مێژوومان چەند بارە دەبێتەوە! ئۆبالّەکەشی لە ئەستۆی خۆماندایە. ئاشنایەتیم لەگەڵ چەند کەسانێك پەیداکرد کە پێشتر هەر ناویانم بیستبوو، بەڵام ڕۆڵیانم نەدەزانی و بەتایبەتی ناوێکی وەك (ئەنومر دڵسۆز) کە گەنجێکی خەڵکی هەولێر لەدایکبووی ناو قەڵات لە گەڕەکی تەکیە کە ئەندامی حزبی هیوا و نازناوی (دڵسۆز) ی لە حزبەکەیەوە بۆ دانرابوو.

لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا لە ڕواندز فەرمانبەر بوو لەگەڵ وڵاتپارێزان تێکەڵاوی و هاموشۆی هەبوو، هەموویان وڵاتپارێزی و کوردبوونیان لە یەکتری نزیکی دەکردنەوە، چونکە هزر و بیری نەتەوەکەیان شایانی وڵاتێکی سەربەخۆیە.

لەسەروبەندی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چەندانێکیان پێکەوە بەشداری سەرکەوتنی کۆمارەکەیان کردووە و گیانبازانە بەوپەڕی لەخۆبوردییەوە ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێگەیاندووە و خۆیان لەگەڵ وڵاتپارێزی ئەوێ

(*) بەشێك لە بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی (١٩٠٧- ١٩٧٩)- (٢٠٢٢).

گونجاندووە وەك نموونەی بێ هاوتا و دانســـقە و ناوازانە ویســـتوویانە ببنە بەشێك لەوێ.

لە کوردەواریدا دەڵێن (خزمت کێیە، دەڵێن ژنی نەهێناوە). ئەنوەر دڵسۆز زگورتی بووە و ژیانی خێزانی لەوێ پێك هێناوە.

ڕاستگۆیانە و بوێرانە خاڵی لەسەر پیتەکان داناوە و سێ جار لە دوای یەك نووسیویەتییەوە! بەڵام جاری سێیەم کەوتووەتە دەست وریا ماملێ، ئەویش بە ئەرکی کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و پەراوێز بۆ نووسینی ڕابووە، بەم کتێبەش، کتێبخانەی کوردی کرد بە شارێکی مەزن و بەرزی زەنگین و سەنگین.

هەندێ کەس لە ژیاندا نەماون، گەرچی کەم ژیان، بەڵام کەڵ ژیان، ڕۆڵی بەرچاو و دیاریان لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەل و نەتەوەکەیان هەبوو، بەشداری و چالاکییان لە خەبات و وڵاتپارێزیدا هەبوو، بەڵام بەداخەوە بیرەوەری خۆیان نەنووسیوەتەوە.

لەهەرسێ خوالێخۆشبووان (عەزیز محەمەد- شەمسەدین موفتی- مەجید ئاسنگەر) کە سەردانم دەکردن، زۆر بە پەرۆشەوە داوای نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیانم لێ دەکردن تا زووە بینووسنەوە، بەڵام بە ئاخ و ئۆفەوە زۆر سەربوردەو ڕووداو و کارەساتیان لەگەڵ خۆیان بردە ژێر گڵ.

ئەوانەی دەزانم لە وڵاتپارێزیدا قاڵ بوونەتەوە، داوام لێ کردوون لە وەڵامدا وتوویانە، بۆ کێی بنووسین؟ کێ دەیخوێنێتەوە؟ منیش لە وەڵامدا گوتوومە: مەرج نییە! ئێستا با چاپ بکرێ، بەڵکو وەك ئەو کتێبەی دراوەتە پاڵ مەعرووف ڕەسافی (الشخصیة المحمدیة) کە ساڵی ١٩٣٠ لە فەلووجە لە

عێراق نووسیویەتی، وەسیەتی کردووە دوای پەنجا ساڵ چاپ بکرێ، ئەوەبوو ساڵی ٢٠٠٢ لە بەرلین/ ئەڵمانیا چاپ کرا، واتە دوای (٧٢) ساڵ.

هەروەها لەم بارەیەوە داوام لە چەندان کەسی دیکە کردووە و قسەم لەگەڵ کردوون و هەرێی نووسینەوەیان داوە و نازانم بەڵێنەکە دەبەنەسەر، یان نا!

بەهەرحاڵ لە هەر چوار بەشی کوردستان زۆر کەسایەتی دیارمان هەیە لێرە و لەوێ لە لاپەڕەیەك، ناویان هاتووە، بەڵام نازانرێ چی بوونە، چیان کردووە! تا نەوەی دوای ئەوان بیانناسن و ببنە بەشێك لە مێژووی میللەتەکەیان، بە سەلبی، یان ئیجابی! بۆیە بە پێویستم زانی ئەم جارە باسی مرۆڤێك بکەم لە کۆماری کوردستاندا/ ١٩٤٦ بەشداری کردووە، چەندان جار گیراوە، لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران دکتۆرای وەرگرتووە، کتێبی کوردبوون باسی دەکات! چەندی پرسیم نەمتوانی بە تێر و تەسەلی لەبارەی ئەنوەر دڵسۆز زانیاریم دەست بکەوێت کە کەسایەتییەکی سەر بە بنەماڵەی (مەلا فەندی) یە و لە گەڕەکی تەکییە لە قەڵاتی هەولێر چاوی بۆ دنیا هەڵهێناوە و سەراو و دەراوی زۆری لە ژیاندا دیوە، تەنانەت لە زۆر لە نووسەران و مێژوونووسان و یاساناسانیشم پرسیوە، بەڵام بێ سوود بووە!

جگە لە ئەنوەر دڵسۆز، زۆر ناوی دیکەش هەیە دەیانبیستین، بەڵام مافی تەواوی خۆیان لە خزمەت و ولاتپارێزی پێ نەدراوە، لەوانە (عەونی یووسف، جەلیل وشیار، مەلا عرووس، شێخە شەل و ئەحمەد چەلەبی و ئیحسان دۆغرمەچی و ئیحسان شێرزاد و سالح میران، ئەحمەد ئەمین دزەیی و خالید نەقشبەندی و زۆرانی دیکە).

بۆ نووسینی مەیدانی، نووسەر زۆر ماندوو دەبێ، بۆیە پشوو درێژی و دووربینی چەکی سەرشانیەتی تا نووسینەکە تەواو بکات، چونکە خۆی لە خۆیدا سەردانی مەیدانی پێویستە تا بزانی لە چ سەرچاوەیەك ناوی هاتووە، لە چ گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەکدا نووسین و وێنە و بەڵگەنامە لە بارەیەوە نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە. هەروەها چاوپێکەوتن و دیمانەی مەیدانی پێویستە لەگەڵ هاوڕێ و هاوخەبات و نزیکەکانی بە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە خوشك و براو منداڵەکانی و کەسوکارانی دیکەی چ بە دەنگ و ئاخاوتن، چ بە مۆبایل و تۆمارکردن، بە تایبەتی یەکێکی وەك ئەنوەر دڵسۆز کە هەشت منداڵی هەبوو. شەش کچ و دوو کوڕ هەروەها سێ ژنی هێنابوو لە مەهاباد و بەغدا و مۆسکۆ، ئەمانە هەمووی پێویستیان بە تۆمارکردن و نووسینەوە و ڕێکخستن و چاپکردن و پۆڵێن کردن و قۆناغبەندی هەیە.

من دوای خوێندنەوەی کتێبی (کوردبوون) ئەگەرچی پرۆژەی کتێبی دیکەم لەبەردەستدابوو، بەڵام دوام خستن تا ئەو وڵاتپارێزە لەبیرکراوە گیانی ئاسوودە و دڵنیابکەمەوە و خانەوادەکە و هاوخەباتی بزانن کە لەبیر ناکرێ. خزمانی لە خانەوادە و بنەماڵەی مەلا فەندی و موفتی لە هەولێر دەیانتوانی زووتر ئەم کارە بکەن، بەڵام دیارە قەدەر وابوو کە ئەم ئەرکە قورسە کەوتە ئەستۆی من، منیش بە شانازییەوە هێندەی لە توانامدا بێ کەمتەرخەمی ناکەم، ئەگەرچی باری جەستەیشم ناجێگیرەو سەرباری نەشتەگەریی ئاوی سپی هەردوو چاوم، بەڵام ساردنەبوومەوە لە کارەکانم و بەڵکو بە گوڕ و تینی گەنجانە بەدواداچوون دەکەم و ئەگەر باری تەندروستیم جێگیر بوو لەڕووی جەستەیی و هزرییەوە، هەر کە لە نووسینی بوومەوە نیشانی برادەرە نزیکەکانمی دەدەم نەوەك کەموکوڕی و ناتەواوییەکی لە پۆڵێنکردن و

وێنە و بەڵگەنامە و نووسینەکاندا هەبێت و نەمبینیبێ، ئەوا بە هیممەتی هەموو لایەك چارەسەری دەکەین و خەرمان بەرکەت.

لە هەولێر نووسەران و مێژوونووسانمان لەم ڕووەوە تاڕادەیەکی زۆر خەمساردن، چونکە ماستەرنامە و دکتۆرای مەیدانی زۆر پێویستە لای لێ بکرێتەوە بە تایبەتی لە بواری مێژوو کەسایەتییە لەبیرکراوە و پشتگوێ خراوەکان. هەروەك دیارە زانکۆکانی کوردستان هێندە زۆرن لە ژمارە نایەن، دەبێ و پێویستە لە پلانیاندا هەبێت کە لەم جۆرە پڕۆژانەدا بڕوانامەی مەیدانی بە پلەی یەکەم دابنرێت تا ئەوەی نەزانراو و لەبیرکراوە، بنووسرێنەوە و لە فەوتان ڕزگار بکرێن.

ئەگەرچی تەمەنم هەڵکشاوە و بوومەتە ٧٧ ساڵ، بەڵام ناتوانم دەستەوەستان و بێ دەنگ بم لەم بوارەوە، ئەمە چوار ساڵ پترە وەك پڕۆژە بەم کارە ڕابوویمە تا مالئاوایی لە ژیاندا دەکەم بەگوێرەی توانا لە هەوڵدا دەبم لەم جۆرە نووسینە مەیدانیانە ئەگەرچی نەك زەحمەتە، بەڵکو دژواریشە، چونکە زۆر کەسیان قسان ناکەن، ماوەیەکی زۆرت دەوێ بۆ وەدەستخستنی زانیاری، بەڵام بۆ لاوێك بە سارد و سوڕی پێشوازی دەکرێی، وێنە و بەڵگەنامە بە زەحمەت دەخەنە بەردەست و ئەوانەی زانیاریان لایە، زۆر بە ئاستەم دەرگای ماڵەوە و هزر و بیریان بۆ هەموو کەس دەکەنەوە، تاك و تەرایان نەبێ، بۆیە دەبێت لاوان و گەنجانمان لە پسپۆڕانی بوارەکە لەم جۆرە حاڵەتانەدا سارد نەبنەوە و بزانن کە ئەم جۆرە کارانە بیر بە دەرزی لێدانە، دەبێت زانکۆکان و لایەنە بەرپرسەکانیش بۆ ئەم جۆرە کارانە دست والا و پەرۆش بن بە تایبەتی نووسینی نامەی مەیدانی، بەم جۆرەش مێژوومان زۆر لە کون و کەلەبەرەکانی پڕ دەکرێتەوە و ڕاستەڕێ دەبن، نەزانراو دەزانرێ و نەناسراو دەناسرێ.

بەهەر حاڵ دەبێت ماندوو نەناسانە بەم ئەرکە وڵاتپارێزییە ڕابین و هەر چاومان لە دەرەوەی خۆمان نەبێت، مێژوومان بە پێی بەرژەوەندی و خواستی خۆیان بنووسنەوە و ئێمەش هەر چاوەڕێ بین، بۆیە دەبێت بە دامەزراوەیی و پلانی تۆکمە و بەرنامەڕێژی درێژخایەن لەلایەن وەزارەتی بەرپرس و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و زانکۆکان بە حکوومی و ئەهلییەوە بڕە پارەیەك لە بودجەیان بۆ ئەم جۆرە نووسینە مەیدانیانە تەرخان بکات تا ئەوانەی لە ژیاندا ماون، زانیاریان لێ وەربگیرێ و وەکو ئەوانی تر کە لە دەستمان نەڕوات، کورد گوتەنی (زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە قازانجە) دەنا ئەوی هەشمانە دەڕوات و هەموومان لە دەست دەردەچێت.

تاریق جامباز

٢٠٢٢- ٢٠٢٥

بنەماڵەی نەنوەر دڵسۆز

عەبدوڵڵا حەسەن عوسمان لەدایکبووی ساڵی ١٨٧٧ ز لەو قوتابخانانەدا خوێندوویەتی کە ئەوکات بەزمانی تورکی بوون، خوێندنی ئایینی لە مزگەوتی گەورە لە قەڵات تەواوکردووە. پاشان خۆی بۆ ئیشوکاری کشتوکاڵی تەرخان کردووە و شارەزاییەکی باشیشی لێ هەبوو. کاروباری گوندی (تەندورە) ی بەڕێوە دەبرد و تا کۆچی دوایی لە ١٩٢٥ ز بەردەوام بوو. یەك کوڕی لەپاش بەجێماوە بەناوی ئەنوەر.

ئەنوەر عەبدوڵڵا:

لەساڵی ١٣٤٤ کۆچی بەرامبەر ١٩٢٤ زایینی لە هەولێر لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، خوێندنی زانکۆشی بە پلەی دکتۆرا لە یاسای نێودەوڵەتی لە یەکێتی سۆڤیەت بەدەست هێناوە و پاشان لە ساڵی ١٩٧٨ گەڕاوەتەوە عێراق و بە پلەی ڕاوێژکار لە وەزارەتی ڕاگەیاندنی عێراق دامەزراوە. لە ساڵی ١٩٨٦ دەستی لەکارکێشاوەتەوە و خۆی بۆ کاری ئازاد تەرخان کردووە لە هەولێر.

ڕۆژی ١٩٩٣/٢/٢٦ بەرامبەر ١٣ ڕەمەزانی ١٤١٣ لە بەغدا چووەتە بەر ڕەحمەتی خوا و پاشان لە ڕۆژی ١٩٩٣/٣/٩ تەرمەکەیان هێناوەتەوە و هەولێر و لە گۆڕستانی باداوە بەخاك سپێردراوە، سێ ژنی هێناوە و دوو کوڕ و شەش کچ کە ئەمانەن:

کوڕەکان:

١. هەورۆ: لەدایکبووی ١٩٤٧ بڕوانامەی پزیشکی لە یەکێتی سۆڤیەت بەدەستهێناوە و ئێستا پزیشکە لە مۆسکۆ.
٢. هەوراز: لەدایکبووی ١٩٥٣ خوێندنی زانکۆیی لە مۆسکۆ تەواوکردووە بڕوانامەی لە ئەندازیاری شارستانی وەرگرتووە و ئێستا لە سوید کار دەکات.

کچەکان:

١. سامان: لەدایکبووی ١٩٥١ ئامادەیی هونەری ماڵەوەی لە هەولێر تەواوکردووە و بە مامۆستا دامەزراوە.
٢. هاوین: لەدایکبووی ١٩٥٥ بڕوانامەی ئەندازیاری لە زانکۆی سلێمانی بەدەست هێناوە.
٣. مەی: لەدایکبووی ١٩٥٧ بڕوانامەی ئەندازیاری لە زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە.
٤. بان: لەدایکبووی ١٩٥٩ بڕوانامەی دەرمانسازی لە زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە. ساڵی ١٩٩٠ کۆچی دوایی کردووە.
٥. ڕێزان: لەدایکبووی ١٩٧١ خوێندنی قوتابخانەکانی سەرەتایی – ناوەندیی- ئامادەیی لە مۆسکۆ تەواو کردووەو، بڕوانامەی ئەندازیاری لە زانکۆی مۆسکۆ بەدەستهێناوە.
٦. زین: لەدایکبووی ١٩٧٣ خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی- ناوەندی- ئامادەیی لە مۆسکۆ تەواو کردووە، بڕوانامەی ئەندازیاری لە زانکۆی مۆسکۆ بەدەستهێناوە.

خزم و ناسیاوەکانی نەنوەر دڵسۆزی مەلا فەندی

١- عیزەدین مەلافەندی (١٩١٦- ١٩٩٩) جێگری یەکەمی پەرلەمانی عێراق (١٩٤٩- ١٩٥٨) و لە ئیتحاد هاشمی بۆتە وەزیر.

٢- ڕەشاد موفتی (١٩١٢- ١٩٩٢) لە زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە بڕوانامەی وەرگرتووە و دواتر بۆتە قازی لە کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و لە مزگەوتی قەڵای هەولێر وتاری هەینی داوە و چەندین کتێبی نووسیوە و وەرگێڕاوە.

٣- شێخ عەبدوڵڵا نەقشبەندی (١٩٢٤- ٢٠٠٠)دکتۆرای لە یاسای شارستانی لە لەندەن وەرگرتووە و لەسەردەمی پاشایەتی بۆتە سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی لە بەغدا و دواتر وەزیری دارایی و وەزیری ئابووری/ عێراق.

٤- بەکر سامی (١٩١٧- ١٩٣٣) ئەفسەرێکی سەربازی پلە بەرزی سوپای عێراق بوو.

٥- سەڵاح عوسمان خدر ئاغا (١٩٣٠- ١٩٩٥) مەللاك بوو.

٦- دادوەر ئازاد مەلا فەندی لە هەولێر دادوەر بووە و دواتر لە حکوومەتی کوردستان بۆتە وەزیر و دوای جووڵانەوەی ڕەشید عالی گەیلانی، ئەوا بنەماڵەی مەلیکی عێراق هاتە باداوە لە هەولێر لە لای بنەماڵەی مەلا فەندی ماوەیەک مانەوە، چونکە پەیوەندی پتەو لەنێوانیاندا هەبوو و دوای ئەوەی دۆخی بەغدا هێور بۆتەوە و گەیلانی شکستی هێنا، گەڕانەوە بەغدا.

کەسایەتی دیکەی هەولێر پەیوەندی زۆریان لەگەڵ بنەماڵەی ئەفەندی هەبوو (ئیحسان شێرزاد بۆتە وەزیر لە سەردەمی کۆماری عێراق وعەونی یوسف دادوەر وپارێزەر و وەزیریش بوو و دادوەر جەلیل وشیار و زۆرانی دیکە و لەکاتی پێویستدا پشتیان بە یەکتر دەبەست).

هاوسەری یەکەمی ئەنوەر دڵسۆز ولاتنامەی عێراقی وەرگرتووە کە ئەوسا زەحمەت بووە، چونکە خەڵکی ئێران بوو، ئەنوەردڵسۆز لەگەڵ بارزانیەکان لە کەرکووک گیرابوو و ئەوسا سالّح جەبر سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بوو دۆسیەی ئەوی لە ئەوانی دیکە جیاکردەوە و حوکمی لەسێدارەی کردە تا هەتایی، چونکە لە بنەماڵەی مەلا فەندیە، کە مردیش لە گۆڕستانیان نێژراوە (١٩٢٤- ١٩٩٣).

وڵاتپارێزی لە قەڵای هەولێر[*]

لە قەڵای هەولێر جەژنی نەورۆز (١٩٣٣- ١٩٤٠) لە ماڵی سەلیم سەیدۆك کراوەتەوە و زۆر کەسایەتی تیا بەشدار دەبوون و ئەوسا لە حوکمی پاشای عێراق ئەم جەژنە قەدەغە کرابوو، بۆیە بەناوی مەولوود و خوێندنەوە ئەنجامدەدرا و یەکی وەکو پاسەوان لەسەربان سەیری دەورو پشتی ماڵەکەی دەکرد، نەك حوس حوس (پاسەوانی شەو) بەو ناوەدا بچن ئاگاداری دەکردنەوە و یەکسەر مەولوودیان دەخوێندەوە دەنا باس باسی جەژنی نەورۆز و کوردایەتی و حزبی هیوا و بەشەکانی لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان بوو، ئەوسا ئیحسان شێرزاد[**] سەر بە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان مەوولود نامەی بەزمانی کوردی لەماڵەوە دەخوێندەوە، شێرزاد نازناوەکەشی ناوی نهێنی ئەندامیەتی حزبی هیوا بوو و دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە باکووری کوردستان، چەندین ماڵبات هاتینە قەڵات و بەناوی پسمام (ئامۆزا) ناسراون و نەوەکانیشیان ئێستاش بەو ناوە دەناسرێن و (عەونی یوسف و جەلیل و وشیارو ئەنوەر دڵسۆز) و زۆر کەسایەتی دیکەی خەڵکی قەڵاتێ و بەرە بەرە دانیشتوانی قەڵای هەولێر بەهەرسێ گەڕەکەکەوە (سەرا و تۆپخانە و تەکیە) هاتنە خوار قەڵا و خانوبەرەیان دروست کرد و لەبەرئەوەی چوار سەد ساڵ حوکمڕانی ناوچەکەیان دەکرد، بەرە بەرە خەڵکەکە فێری زمانی عوسمانی (تورکی) بوون و ژن و ژنخوازی لەگەڵ سەربازانی لەشکری تورکیا هەبوو کاربەدەستانی تورك و کاروباری میری هەر بە زمانی تورکی بوو، بۆیە قسەکردن بە زمانێك ئەوە ناگەیەنێ تۆ ئەو نەتەوەی، چونکە مرۆڤ هەیە چەندین زمان دەزانێ، بۆیە دەبێ لەخۆی بپرسی سەر بە چ نەتەوەیەکە، یا خۆی بە چ نەتەوەیەك دەزانێ.

---

[*] نەورۆزی ساڵانی ١٩٣٣ لە قەڵای هەولێر لایەڕەیەکی شاراوەی شکۆمەندی کوردایەتی، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ژمارە (٦٦) ٢١/٣/ ١٩٩٣.

[**] دواتر لەسەردەمی کۆماری عێراقدا پێنج جار کراوە بە وەزیر.

چاوپێکەوتنەکان

ڕاستەوخۆ، یا دەنگیان تۆمارکردووە، دواتر هێنراوەتە سەر کاغەز، یان بە ئەلیکترۆنی زانیاریان ناردووە، لەگەڵ:

- دایك برای كاك نیازی (برای له دایكییەوە).
- هاوینی كچی.
- سامالّی كچی.

(١)

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ كاك نیازی تاهیر برای له دایكییەوە

٢٠٢٥/٨/١٧ له مالّی كاك نیازی تاهیر

- ئەمڕۆ ٢٠٢٢/١١/٣١ لەگەڵ كاك نیازی تاهیر حەسەن مەلا فەندی دانیشتم لەبارەی كەسایەتی ناوداری هەولێر (ئەنوەر دڵسۆز) قسەمان كرد،

کە مرۆڤێکە تا ئێستا بەشێوەیەکی وا لەسەری نەنووسراوە کە شایانی ڕۆڵی بێت، وەک هەولێرییەکان لەو لایەنەوە کەموکورتیمان هەیە، بە پێویستمان زانی تا لە ژیان ماوین، من لە حەفتا زیاترم و ئەویش ١٩٣٦ لە دایک بووە.

- بەکاک تاریق بڵێم کاکم کە تەڵەبە بوو لە ناوەندی لە جەنگی دووەمی جیهان زۆر حەزی لە هەواڵ بوو، دەچووە لای ئیحسانی حاجی ئەحمەد ئاغا ئەوان ڕادیۆیان هەبوو، لەوێ گوێیان لە هەواڵ دەگرت.

کاکم ئەنوەر لەگەڵ عەزیز محەمەد (١٩٢٤- ٢٠١٧) و نافیع یوونس چوونە ناو شیوعی و عەونی یووسف و جەلیل و ئەوانی تریش چوونە ناو پارتی.

ئیتر موسیبەت بۆ ئێمە لەوێ دەستی پێکرد کە کاکم چووە ناو حزبەوە، ئینگلیز داگیرکەری عێراق بوو، کاکم دەگیرا و بەردەبوو، دەچووە ژوور و دەردەهێنرا، زیندانی دەکراو بەردەوام هەرچی هەمان بوو لەسەرمان دانا تا کاکم تووشی بەڵای گەورە نەبێ، تا ساڵی ١٩٤٦، لە ڕەواندز بوو، تێبینەر (مولاحز) بوو، ئەوکاتە کە کۆماری کوردی هاتەکایەوە ئەوانە لە ڕەواندز کەوتنە خۆ، پێش چوونی وەهاب ئاغا (١٩٠٩- ١٩٧٤)، جا بەرلەوەی بڕۆن، من دوو سێ مانگ جارێک دەچوومە کن کاکم لەوێ خڕ دەبوونەوە وەهاب ئاغا بوو، زۆر بوون، دەهاتن بەشێک پارتی و بەشێک شیوعی بوون، ڕازی کران دەبێ پەیوەندی بە مهابادەوە بکەن، لەگەڵ وەهاب ئاغا ڕێککەوتن گەیشتنە لای خدرئاغای بابی حوسێن ئاغای سورچی، ئەو بەڵێنی پێدابوون گوتبووی سبەی بەڕێتان دەکەین، ئاواتان دەکەم بۆ ئێران، خدراغا زەلام و وڵاغی دانێ رزگار بوون بۆ ئێران، بۆ مهاباد.

- چەند نووسینێکی کوردی ئەو پیاوەم دی کە زۆر جوان بوو ئەو کوردییەی چۆن فێر بووە.؟

- به خوێندنەوە فێری کوردی بوو، لەگەڵ باب و داکم و خوشکەکانم بە تورکی قسەمان دەکرد، بەڵام لەگەڵ کاکم بە کوردی قسەمان دەکرد، ئەوەش خێرێکی گەورەی کرد، لەگەڵ عەبدولخالق و ئەوانە، دەچووینە دەشتێ لە گوندی تەندورەی.

- لەسەردەمی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران چەندان خێزانێک هەبوون پێیان دەگوتن: پسمام، لە پشت مالّی ئێوە بوون، ژمارەیان چەند بوو؟

- ئەوان ژمارەیان کەم بوو، مام خدر هەبوو خدر پسمامیان پێ دەگۆت، خزمایەتی لەگەڵ وریا مەعروف هەبوو، لە جزیرێ بوون، ئەوان هۆزەیەکی بچووکیان هەبوو، مارفە فەندی لەوێ دەیخوێند، خانی ئێمە گەورە بوو، ئەوان خانوویان بچووک بوو پێیان دەگوت حەوشی پس مامان، بە بادینی قسەیان دەکرد، لەسەریان دەخەوتن، مەعروف فەندی بە لامپەی دەیخوێند، ئێمە سەیرمان دەکرد، بابم دەیگۆ نیازی وەرە سەیرکە ئەگەر یەکێک بیەوێ بگاتێ، ئەوها دەگاتێ، ئێمە کارەبامان هەیە، ئەنگۆ ناخینن ئەویش بە لامپەی دەخوێنێ.

- لە کورد کەسایەتیمان زۆرە، لەوانە کاک ئەنوەر دڵسۆز، کە زۆر کەس پەیوەندیمان پێوەکردن، کەمال مەزهەر (١٩٣٧- ٢٠٢١) خوا لێی خۆشبێ نەما، مارف خەزنەدار (١٩٣٠- ٢٠١٠) نەما.

- کاکم دوای هاتنەوەی لە مهاباد لە ڕەواندز جیا کرانەوە، لەگەڵ ئەنوەری لە ڕەواندزێ فایلی هەبوو. هەموویان هاویشتیانە ملی کاک ئەنوەری گوایە لە سەربازگە بڵاوکراوەی بڵاوی کردۆتەوە و ڕێکخستنی کردووە بۆ پەیوەندی بە کۆماری مهاباد، ئەو فایلە لە ڕەواندز مابوو، بۆیە ئەفسەرەکان و چوار کەسیان و کاک ئەنوەر هێنایانن بۆ بەندیخانەی ڕەواندز، هەواڵیان بۆ ناردین کە ئەوەی خێزانی هەیە دەیەوێ بێن بیبەن، منیش قوتابی بووم، بابم و دایکم و پلکم چوونە ڕەواندز لە دیانەی سیمیان بۆ دانابوون، هەموو

خێزانە بارزانی و ئەوانی تریش لەوێ بوون، ئەوانەی کە پەیوەندی بە کۆمارەوە کردبوو، بابم کە چوو خۆی ناساندبوو، دایکی هاوین دێنن، دەڵێن ئەوە خێزانیەتی، ئیتر بەڵێننامەی پێ پڕدەکەنەوە و دەڵێن ئەوەتا ئەو ژنەیان هێنا مالّی ئێمە لە قەڵاتێ دووگیان (حامیلە) بوو بە هەورۆ ئەوەی ئێستا دوکتۆرە، کاکم لە ڕەواندز مایەوە لە بەندیخانە، ئاراممان گرت نزیکەی ٢٠ ڕۆژێک هیچ نەبوو، نووسراوێکی کاک ئەنوەر هات، دەڵێ بمگەنێ ئەفسەرەکان لە سێدارەدەدرێن هی منیش وەک وان دەبێ، ئەوەبوو بابم تەنگاو بوو، خەبەری دایە براکەی گوتی چی بکەین، مامم گۆتی با بچینە بەغدایە، چونە لای عزەدین مەلا فەندی نائیبی مەجلیس ئەعیان بوو، ئەوەبوو بابم و مامم و داکم لە بەغدا لە مالّی عزەدین فەندی باسیان کرد، عزەدین تەلفۆن دەکات بۆ سالّح جەبر دەڵێ خزمم هاتوون کوڕیان گیراوە، ئەویش دەڵێ بە قسە نابێ سبەی وەرن بۆ پەرلەمان لەوێ دەمبینن سالّح جەبر (١٨٩٦- ١٩٥٧) لە پەرلەمان نووسینگەی هەبوو کە ئەوکات ئەو سەرۆک وەزیران بوو، کە دەیانبینێ، لەگەڵ ئەوەی ئێمە ڕەخنەمان لێدەگرت، سەردەمی پاشایی و ئێستا چەندی جیاواز بوو، سالّح جەبر دەڵێ من ناتوانم ڕێک قۆڵی بگرم و بڵێم ها بیبە، ئەوە یاسایە تەمیزی نییە، بە تەلەفۆن لەگەڵ حاکمی عەسکەری ڕەواندز قسە دەکات دەڵێ دادگای ئەفسەرەکان تەواو بووە؟ دەڵێ بەڵێ. دەڵێ کەواتە هیچی تر مەحکەمە مەکە، من ئەمشەو حوکمی عورفی هەڵدەگرم.

دەچێتە ئێزگە دەڵێ حوکمی عورفی لە ڕەواندز نەما، کەواتە ئێستا مامەڵەی گیراوەکان دەکەوێتە لیوای هەولێر، ئەویش یان دەیدات بە دادگا، یان عورفی بکات، ئیتر مەمنوون دەبن کە کوڕەکەیان لە مردن ڕزگار دەبێ، شەوێ دێتەوە مالّ لەبەردەمی ڕادیۆ دادەنیشن و ئیتر حوکمی عورفی نامێنێ و ئیتر عزەدین نووسراوێک بۆ موتەسەڕیفی هەولێر دەکات کە مستەفا

قەرەداغی بوو، خەڵکی سلێمانی بوو، دەڵێ ئەوە ئامۆزای منە، لە ڕەواندز گیراوە، گەنج بووە و کە پەیوەندی بە کۆمارەوە کردووە، بۆیە حەز دەکەم ئەو کەسە لەگەڵ تۆمەتی بارزانییەکان بێ.

مستەفا قەرەداغی (١٩٤٣- ١٩٤٤) موتەسەرپیفی لیوای هەولێر بوو، دەڵێ: مەزبەتەیەک بکەن، موختار و ئەوشتانە دەکەن و کاکم بە بارزانی لەقەڵەم درا، چونکە لەگەڵ ئەوان چووە و هاتووەتەوە، حوکمی ئەوانیش سااڵێک حوکم و ئەوانەیان نارد کەرکووک لە دوو بەندیخانە کە قوتابخانەی پێشتری جوولەکان بوون، ژمارەیان ٥٠٠ تا ٦٠٠ کەس بوون، هەر پیاوەکان بوون، ژن و منداڵ جیاواز بوون، ئیتر کاکیشم پتر لە ساڵێک لە کەرکووک بەندکرا، خاڵیشم نادر ئاغا لە کەرکووک لە تەمیز بوو کە چوومە ماڵی ئەوان هەموو ڕۆژێک نیوەڕۆیان نانم بۆدەبرد ئەوان شەش کەس بوون بەیەکەوە یەکیان ناوی مەهدی بوو، لە بەرگری شەعبی بوو، مەهدی لەگەڵیان بوو، ئەوەیتریان ناوی جەمال بەختیار بوو، مەهدی کەرکووکی بوو، جەمال سلێمانی بوو، ئەوانیش هەمان تۆمەت بوون.

- لە کەرکووک چەندە ماوە؟

- دوای ئەوەی کە خزم و کەس چووینە کەرکووک گوایە پتر لە ساڵێک تەواو بووە ئازاد دەبێ. گوتیان ئەوە بەرنابێ، چونکە داوای لەسەرە، لە بەڕێوەبەری بەندیخانەی داوە و ئەویش سەری شکاوە، خاڵم گوتی ئاگات لە ئەنوەر بێ، بۆیە چوونە ماڵیان، ئەویش گوتی من لە بەندیخانە داوام لەسەری تۆمارکردووە کە سجن بووە هیچی لێناکرێ، بەاڵم کە بەردەبێ دەبێ قەزیەکەی بۆ زیندوو بکەنەوە، بۆیە من داوام تۆمارکردووە، خاڵم گوتی خەڵکێکی زۆر لە هەولێرەوە هاتوون بەرەو پیلی، بۆیە ناکرێ وا برۆنەوە، ئەویش گوتی مادام ئەتوو هاتووی من لێی خۆش دەبم. معاونەکە

هاتە سجن و گوتی ئەوە من لێی خۆشبووم و ئازادی کەن با بڕوا، بەڵام سبەی لە دادگای کەرکووک تا تەنازوول بکات و ئیتر ئەو ڕۆژە هاتینەوە هەولێر. ڕۆژی دواتر چووینە کەرکووک تا تەنازوولەکە تەواو بێ. هێنایانەوە شەوێک لێرە لە سجنی هەولێر بوو، ئۆتۆمبێلمان بۆ گرت بە خسوسی بیبەنەوە بۆ ڕەواندز، کە دێتە دەرێ پۆلیس دەیانەوێ کەلەمچەی بکەن، کاکم دەڵێ نابێ کەلەمچە بێ، ئیتر دەبێتە مشتومڕ، بەڕێوەبەری پۆلیس موسڵاوی بوو کەمێک شێتەڵە بوو، ئەویش گوتی بیهێنن، کاکم پێش کەوت و منیش لە دووی چوومە ژووری، مدیر گوتی بۆ لێناگەڕیی کەلەمچەی بکەن تۆ سجن نی؟، کاکم گوتی من سجنی سیاسیم خۆ تاوانبار نیم. سیاسی چۆن کەلەمچە دەکەن لەجیاتی ئەوەی ڕێزم بگرن، ئەو کەلەمچەیە لە دەستم دەکەن تا ڕەواندز؟ ئەوەیە حکومەتەکەتان؟ بەڕێوەبەری پۆلیسیش گوتی ئەوە بڕیارە بۆ کەلەمچە، ئەگەر وانەکەی هەڵدەستم هەزار شەقت لێدەدەم. کاکم عەینەکی هێنا خوارێ گوتی هەستە بزانم چۆن لێم دەدەی. ئیتر مدیر ترسا بە پۆلیسەکەی گوت بڕۆن لیی گەڕێن کەلەمچەی مەکەن، هەتا هاتینە دەرێ هەر جنێوی دا. گوتم جنێو مەدە گوێی لێیە! گوتی قەینا با گوێی لێبێ.

کاکم دوای پتر لە ساڵێک بەربوو، بەڵام بارزانییەکان بەر نەبوون لەکاتێکدا هەمان تۆمەتە، دیسان درێژ کرایتەوە، بابم دیسان چۆ کن عزەدینە فەندی گوتیان ساڵەکە تەواو بووە کەچی تەمدید کرایتەوە، دیسان عزەدین نووسراوێکی بۆ مستەفا قەرەداغی کرد و گوتی ئەفەندی ئەوە ئامۆزای منە، ئەوە بارزانی نییە ئەوە هەولێرییە، مستەفا قەرەداغی دەڵێ سەرم لێ شێواوە جارێک دەڵێ ئەوە بارزانییە، جارێک دەڵێ ئەوە هەولێرییە، ئیتر نووسراو دەکات و دەڵێ بەربدرێت. ئەوکات کاکم بەربوو.

که له بەندیخانه دەرچوو ئینجا لەگەڵ عزەدینه فەندی هەوڵ درا لەلای بابم به نووسەری چاپ له فەرمانگەی کارەبا دامەزرا ئەوکات بابم تێبینەر (ملاحز)ی کارەبا بوو. ماوەیەک لەوێ کاری کرد و شەش مانگ مایەوە، دیسان چالاکی سیاسی هەبوو، دیسان گیرایەوە، لەسەر شیوعییەت (ناوی هات). ئینجا بۆ ئەمنی عامەی بەغدا لەوێ زۆر ئازاریان دابوو، ئەوکاتیش نزیکەی دوو ساڵ مایەوە، ئینجا معاونێکی ئەمن گوتبووی ئەوە دانی پێدانانێ، بەڵام که گوتی ئاخ ئەوکات بەری دەن، کاکم هەر نەیگوت ئاخ، زۆری لێدرا، به پێلەقە و به بەتانی بردیانه نەخۆشخانه، تا دواین جار گۆزینگ و ئەنگوستی پێی چەپی ڕەق بوو، زستانان شتی گەرمی لەسەر دادەنا ژانی دەکرد، ئیتر دواتر بەربوو، خاڵم برادەرێکی هەبوو وتی ئەوە بزرنابێ بنێردرێته شوێنێک که شکی پێنەکەن، برادەرێکی هەبوو له کەرکووک بەڕێوەبەری گشتی نەوتی کەرکووک بوو، لەوێ دەڵێ بابێت، کاکم چوو لەوێ مقابلەی کرد، کوردی و عەرەبی و تورکی و دەزانی، به عەرەبی له ساڵی ١٩٥٨ له ڕۆژنامەی (نور) نووسەر بوو لەوێ به عەرەبی دەینووسی، که له کەرکووک دامەزرا له کۆمپانیای نەوت، لەوێ خانووی گرت و ماڵ و منداڵی برده ئەوێ و من پۆلی سێ کەوتم چونکه مامۆستا غەدری لێکردبووم، کاکم گوتی وەرە کەرکووک چوومه ماڵی ئەوان، نزیکەی چوار پێنج ساڵ لەوێ بووم، حەزم له خوێندن بوو، ئێواران دەهاتەوە دەچووە مەکتەب، زمانی ئینگلیزی دەخوێند کاتی خۆی له ئامادەیی بوو که گیرابوو، لەبەر (حسن سلوک) کێشەی هەبوو، ئیتر چووە دەورەی ئینگیلزی به دوو ساڵ دبلۆمیان له ئینگلیزی دایه، بڕوانامەی وەرگرت، شەوێک من له مەکتەب هاتمەوە گوتی نیاز سبەی زوو هەڵسە، چونکه من له شەریکه لەگەڵ یەکێک بەشەڕ هاتووم بەڕێوەبەربووە ناوی (ق. د)یە، قسەی هەڵەی کردووە دەمەوێ لێی دەم، سبەی هەڵسام، وبستم

جلم بگۆڕم، گوتی خۆت مەگۆڕە، هێندەی ناوێ، من یەک دوو زللەی لێدەدەم و دواتر دەچمە شەریکە، کاتێک ئێمە ڕاوەستابووین لە سەری کۆڵان، ئەو لە ماڵ هاتە دەرێ، گۆتم ئەتوو بڕۆ، ئێستا بۆت لە قوڕاو هەڵدەکێشم و دەینێرم، زۆری نەبرد کاکم ڕۆیشت و کابراش هاتە دەرێ، کاکم ویستی بە دەستی خۆی لێی دات، هات و یاخەی گرت و هەندێک قسەی پێ گوت و یەک دوو زللەی لێدا، کابرا ویستی بە لاقی (قاچی) لێدات، من لاقم گرت و کەوتە زەوی و سەری کەوتە نێوان دیوار و عەموود، لە سەرو کەپوویم دا، کاکم گوتی بەسە نەمگوت ئەوەندە، ئیتر (ق. د) چووە شکایەت و لە شەریکەیش کە زانیان شەڕی کردووە، کاکمیان دەرکرد، ئینجا کاکم هاتەوە پۆلیس هاتنە دەرکەمان، من و کاکم و خزمەتکارێکمان هەبوو، ئەویش و هەرسێکمان داواکرابووین، چووینە مەخفەر، ئیتر لەوێ بینیمان لە مەخفەری شاترلو ناوی سەید بوو، بەکاکمی گوت تۆ عەریزە بنووسە، تۆش شکایەت بکە، چونکە وانەبێ حاکم دەتگرێت، ئەویش بڕیاریدا ئیفادەی لە قادریش وەربگرن، بەکر سامی (١٩١٧- ١٩٩٣) لە کەرکووک زاوامان بوو، ئەمینی خەتی هاتووچۆ بوو لەوێ، شێخ مارف بەرزنجی ئەویش فەرماندەیەکی شیوعی بوو، ساڵی ١٩٥٩ لە کەرکووک لەگەڵ تورکمان تووشی کێشە بوون. خێزانی شێخ مارف بەرزنجی (١٩٢١- ١٩٦٣) کچی پورمە، خەیروللا عەبد جاسم ئەویش برادەری کاکم بوو بە هەرسێکیان چوونە نەخۆشخانە، لای (ق.د)، ئەویش کەفیەتی کرد و حاکم سەمەد لە شێخانی خانەقای کەرکووک، دەڵێ با بێن بۆ بەردان، کاکم گوتی بزانە حاکم هاتووە، منیش چووم گوتم نەخێر چونکە حاکم بچووک بوو لەگەڵ مێزەکەی یەک بوو، فەڕاشەکە گوتی لەوێیە، ئیتر هەرسێکمان چووین و لە کاکمی پرسی بڕوانامەت چییە؟ گوتی پێنجی ئامادەیی؟ گوتی تۆ پێنج

سالّ حوکمدرای، له منی پرسی تۆ پۆلی چەندی؟ گوتم سێ گوتی تۆش, سێ سالّ حوکمدرای، له غولّامەکەی پرسی ئەی تۆ گوتی هیچ حوکمدرای، کاکم گوتی ئەوە حوکمی قەرەقۆشە، حاکمەکە گوتی دەزانی چتان لەوکابرایە کردووە. نابێ وەهابێ، ئیتر لەبەر ئەوەی کەفیەتی کردووە ئازاد دەکرێن.

بۆیە کاکم له کۆمپانیا دەرکرا، داکم و بابم گریان، ئیتر چووە بەغدا، لەوێ له ئیش دەگەڕا جەریدەی دەخوێندەوە، کۆمپانیای گواستنەوەی دیتەوە، لەوێ له بیست کەس زیاتر بۆ ئەو ئیشە دەچن، له مقابلەکە کاکم بەیەکەم دەرچوو، کچێکیش بەناوی قومریە عەلی بەرموتی کە پارێزەر بوو ئەویش بە دووەم دەرچوو، کۆمپانیاکە گەورەبوو، کاکم لەوێ بەناوی (ملاحز) دامەزرا و زۆر جێی متمانە بوو، بەڕێوەبەری گشتی ئەوێ ئینگلیز بوو، کاکمیان ناردە موسڵ، پڕۆژەی دوکانیان له دەست بوو، بۆڕی و کارەباییاتیان لەدەست بوو، کە نزیکەی تەواو بوون بوو، کابرا له شوێتی خۆی له بەغدا داینا. ئەو قومریە عەلی بەرموتی بووە سکرتێری کاکم، کۆمپانیاکە ناوی (تراز ئەورووپییەن) بوو، نزیکەی سێ سالّێک بوو لەوێ بوو، لەگەڵ سکرتێرەکەی خۆی ڕێکدەکەون، دەڵێ ژنم هەیە و چوار منداڵ، ئیتر قومریە دەڵێ بەڵێ ڕازیم، کە هاتە هەولێر گوتی من دەبێ لەبەر ئافرەتە بچمە بەغدا، ئینجا وەزعم گۆڕاوە، تا ئەو تەمەنە ماوە با سوودی لێ وەرگرم، ئەوەندەم دەوێ منداڵەکانم بەخێو بکەی تا ئێمە لێی ڕادێین، گوتی من بڕیارم داوە و پەشیمان نابمەوە.

هاتم بەداکم گۆت ئەویش گریا، گوتی ئەو کچەی دێتم محامیە، ئینگلیزی و عەرەبی دەزانێ، بابم لێی تووڕە بوو، کاکم گوتی کەیفی خۆتانە من بڕیارم داوە و لەگەڵ نیاز پێکهاتووم، ئەوەبوو زەواجی کرد، شوقەیەکی

لەبەرامبەر معەسکەر ڕەشید گرتبوو، مالی دانا، ساڵی ١٩٥٨ کە بووە ئینقلاب. دوو منداڵیان هەبوو ناویان (مەی ـ بان) بوو.

دواتر لە دوای ئینقلاب کارەکەی لە دوادا، ئیتر کۆمپانیاکەیان داخست، خاوەنی ڕۆژنامەی نور هاوڕێی کاکم بوو گوتی لە شەریکە چەندە معاشت بووە لێرە ئەوەندەت دەدەمێ وەرە لێرە کاربکە. ئەوە لە ساڵی ١٩٥٩. لەوێ مایەوە، ڕۆژێک گوتی دەڵێن زانکۆیەک لە ڕووسیا کراوەتەوە بەناوی زانکۆی لۆمۆنبا بۆ هاوڕێیەتی نێوان گەلان، تەلەفۆنی بۆمن کرد گوتی خێزانم دەرچووی یاسایە بە شەهادە، بەڵام بە زانست من سەدی لەو زیاتر دێنم، خۆی لە من بە فەرزتر دەزانێ، ئەو زانکۆیە کراوەتەوە، گوتی تۆش حەزت لە خوێندنە، من دەڕۆم، موشکیلەی منداڵەکانم هەیە بەسەرتۆدا بەجێ دێڵم، ئەوانی تریش لێرە زەویم هەیە ژنم دەکاتە خانوو و دەچنە ناوی من دەچمە خوێندن، گوتم باشە، کاکم ڕۆیشت، لە فڕۆکەخانە بەڕێم کرد، بەردەوام نامەمان دەگۆڕییەوە، ساڵی ١٩٦٥ کە مقابلەی دوکتۆرای کرد، فێری زمانی ڕووسی بوو، گوتم با منداڵەکان بێنە هەولێر، چونکە جارێک هاتوونەتە هەولێر، کە دەچوومە بەغدا سەرم لێدەدان، نەمزانی بۆچی لەگەڵ قومریە نێوانیان تێکچوو، کاکم دەیگوت وەرە بۆ ڕووسیا، قبوولت بۆ وەردەگرم، گوتی من لە شیوعی نزیکم قبوڵت بۆ وەردەگرم و لە مەکتەب سیاسی شیوعی نزیکم، منداڵەکانم هەموو نارد، یەکیان بووە دوکتۆر، هەوراز شەشی لێرە تەواو کرد، لەوێ داخڵی ئەندازیاری مەدەنی کرد، هەر لەو بابەتە، ژنەکە دەیگوت ناچم. کاکم دیگوت بێ ژن ناگوزەرێ و لێرە هەمووان ژنیان لەگەڵە، منداڵەکان باشترین مەکتەبیان پێ تەواو دەکەم. ژنەکە گوتی داهاتووی منداڵەکان نافەوتێنم.

ساڵی ١٩٦٥ لە بەغدا زیندانی کرا پاش ئازادبوونی هاتە لای واجد شاکر، کاتی خۆی لەگەڵ مەئمون دەباغ (١٩٣٦- ١٩٦٣) هاوڕێ بوو، یەکی تریشیان لەگەڵ بوو، ماجد و مەئمون و کاکم هاوڕێ بوون، مەئمون زۆر بە ئەدەب بوو، کە چاوی تەواو نەبوو دواتر چووە ناو پێشمەرگە و چووە شەڕێ کە یاساشی تەواو نەکردبوو. گوتبوویان کاکە مەچۆ شەڕ، گوتبووی دەچم، لە چەمی ڕێزان کە مام جەلال (١٩٣٣- ٢٠١٧) لەوێ بوو، دواتر تەرمەکەی هاتەوە، باوکی ڕازی نەبوو بچێتە سەرەوە، ئەو بچووک بوو، هاشم چەلەبی (١٩٠٤- ١٩٩٤) دەمناسی و لەبەر مەئمونم دەمناسی، دوای ئەوەی ژنەکەی نەچووە مۆسکۆ، کاکم هاتەوە بەغدا، گوتم بۆ ناچییەوە مااڵێ، گوتی لێیان تووڕەم، بەاڵم برۆ کچەکانم بۆ بێنە، منیش چووم، گوتم قەمەر وا کاکم هاتووە لە ماڵی واجدییە، داوای کچەکانی دەکات و بۆی دەبەم، ئەوەبوو بۆم برد و ماچی کردن و دواتر بۆیم بردەوە، گوتیشی ئەمجارە بۆیە نایەم، چونکە دەچمە هەولێر، بەاڵم جارێکی دیکە دێمەوە، بەاڵم کەس لەوێ نەبێ جگە لە قەمەر و منداڵەکان، چونکە دایک و خوشکەکەی قەمەری لەوێ بوون، دەبێ لەوێ نەبن، خەبەریشم بداتێ کە ئەوان لەوێ نەمان من بچمەوە بۆ بەغدا، ئینجا کاکم هاتەوە هەولێرێ، هەفتەیەک مایەوە، دواتر قەمەر تەلەفۆنی کرد بۆمن گوتی بە کاکت بڵێ وا دایک و خوشکم چوونەتە ماڵی برام من بەتەنهام، ناحەوێمەوە، ئەوەبوو کاکم چووە بەغدا، دوای دوو سێ شەو، کاکم دەچێتە میوانی، شەو کە دەگەڕێتەوە دەبینێ میوانی هاتووە دوای ئینقلابی ١٩٦٣ ئەو میوانە چەند ساڵە شاراوەیە، بەخۆی وخێزانی هاتوون، بەبۆنەی گەڕانەوەی کاکم لە ڕووسیا، لەوکاتەدا ماڵی کاکم ئەنوەر تەوق دەکرێت، گوتی بینیم دارو دیوار هەموو بوونەتە پۆلیس، کاتێک لە دەرگامدا، یەکێک گوتی کێیە گوتم ئەنوەر، گوتی ئەوە خاوەن ماڵە،

کە چوومە ژووری مدیر ئەمن لەوێیە، گوتی سەلامم لەوان کرد، بەڵام لە کابرام نەکرد، گوتی کابرا ئەتوو کێی گوتی کاکە من تۆ ناناسم خێزانم برادەری خێزانی تۆیە، گوتم فەرموون چیتان دەوێ، کابرای ئەمن گوتی هەندێک پرسیارمان هەیە، وەڵامم دەدەیەوە، گوتم تاوانم چییە؟، گوتی لێرە نابێ، بەڵام دەتبەین و دەتهێنینەوە، کاکم گوتبووی ئەو کلاواتەی لەسەری من مەنێ، چونکە زۆرم دیوە، ئینجا بە قەمەر دەڵێ جانتا و نوێتم بۆ دانێ، لەگەڵ پێنج شەش کتێب. کابرا دەڵێ نایەوێ، دەڵێ دەیەوێ من خۆم دەزانم، ئیتر کابرا گوتبووی دەزانی دەمێنیتەوە، ئینجا ڕۆژی دواتر دەیبەنە لای حاکم دەڵێ دەبێ ئیعتراف بکەی بەدرەدین عەلیت (١٩٦٥[*] لە بەغدا کوشتیان) چۆن کوشتووە، ئەویش دەڵێ؟ کێیە؟ دەڵێن موتەسەڕیفی هەولێر بووە، دەڵێ من لە ڕووسیا بووم لە مۆسکۆ، دەڵێ ئەو ڕۆژەی هاتوویتەوە ئەو ڕۆژە گوتوویانە بیکوژە، ئەویش دەڵێ ناینناسم. ماوەی مانگێک لە سجنی ئەمنی عامە بوو، خواردن و جل و کتێبم بۆ دەبرد، دوای ئەو ماوەیە مدیری ئەمنی عامە، هاوڕێی خاڵم نادر ئاغا بوو، بە خەزووریشی گوت ئەوانیش تەلەفۆنیان بۆکرد، گوتی با بێن، بزانم کێشەیان چییە؟ ئینجا چوومە بەغدا، لەوێ بەکر سامیش لەوێ بوو. ئەحمەد حەسەن بەکر (١٩١٤- ١٩٨٢) و کەریم قاسمیش (١٩١٤- ١٩٦٣) برادەری بوون، دەڵێ چۆن دەبێ هەردوو ڕۆژ جارێک حەرەس قەومی بێن بمگرن. کە هیچم لەسەر نییە، دەڵێ باشە. ئەوەبوو بەکر سامی چووە بەغدا، ئیتر کە چووین زۆر ڕێزیان لێگرتین، کابرا هەولێری بوو، کابرا لەقەبی نانەکەلی بوو، ناوی (نوری) و شتی وابوو، هاتە ژۆرێ گوتی بەڵێ، ئەوە دەیانناسم و خەڵکی هەولێرن، ئەوانە برایان گیراوە و لەلای ئێمەیە و

[*] لە ١٩٦٥/١٠/٢٢ کوژراوە.

توهمەی باتڵە و تەواوی کە و فۆڕمەکەی بنێرە دادگا با بەر ببێ، چووینە ژووری نانەکەلی و کاکم هات، گوتی ڕات چییە، لەسەر یاخی بوو مستەفا بارزانی (١٩٠٣- ١٩٧٩)؟، کاکم گوتی من وەڵام نادەمەوە، بەکرسامی گەڕایەوە گوتی لە تاقیکردنەوە لە پێنج پرسیار یەکیان تەرکە و هەقت نەبێ مدیر عام بۆیان دەڕوێنێ. ئەو ژیانی خۆی لەسەر ئەوە داناوە ئێستا بە نووکە قەڵەمێک دەڕوێنێ، کاکمان بەردا، هاتەوە هەوڵێر، ئەمڕۆ هاتەوە هەوڵێر، سبەی گیرا، گوتیان ئەمنی بەغدا داوات دەکات، گوتی کاکە تازە بەربووم، گوتی هەواڵ بۆ ئێمە نەهاتووە، گوتیان دەبێ ئەو نووسراوە بێ، ئیتر تەکسییەکم گرت بە خسوسی من و کاکم و پۆلیسێک چووینە بەغدا، بۆ ئەمنی عامە، بۆلای حاکم، گوتی بۆ هاتووی؟ گوتی من گیراومەتەوە، جارێکی تر من گیراوم، ئەمجارە نووسراویان کرد، گوتی هەر ئەوە نییە بروسکە کراوە بۆ سنوور و فڕۆکەخانە و پۆلیس و هەموو شوێنێک، گوتی ئەوە هیچی لەسەر نییە، ئینجا هاتینەوە هەوڵێر، بیری کردەوە، گوتی ئەوانە وازناهێنن، وەعدیشم داوەتە مەلا مەستەفا، بەڵام دەچم، ئینجا پەیوەندی کرد و هاتنە دوای و چووە سەرەوە، لەوێ حەمید عوسمان (١٩٠٣- ١٩٧٩) لەوێ بوو، کە سکرتێری حزبی شیوعی بوو، مەلا مستەفا حەمیدی بەڕێ کرد، گوتی ئەوە ئەنوەر لێرەیە، مەلامستەفا گوتبووی کە ئەوە خەت مایلە، ئەوە بۆ ئێرە نابێ، بارزانی بە چوونی کاکم دڵخۆش بوو، کاکم مانگی جارێک لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان دەهات، دوای سێ ڕۆژ سامی عەبدولڕەحمان (١٩٣٣- ٢٠٠٤)دەهاتە دوای و دەڕۆیشتەوە. ڕۆژێک سامی عەبدولڕەحمان هاتە دەرگای جێبێکی سەربەڕۆیان پێ بوو، گوتی ئەنوەر حازرە؟ گوتم جەنابت کێی گوتی سامیم، گوتم کاکم خۆی دەشوا، ئەویش گوتی دیارە ئەنوەر لە تیفتیفەی خۆی ناکەوێ، بە کاکم گوت ئەوە سامی هاتووە گوتی

قسەی لەلا نەکەی بیانبە بۆدیوەخان و بڵێ ئێستا دێ، ئیتر بانگی سامی و ئەوانم کرد بۆ دیوەخان دوو پیاوی تری لەگەڵ بوو، چا و خواردنم دانێ و هەندێک قسەیان کرد و چوونە سەرێ.

دوای دوو ساڵ و نیو کە لە ڕۆژنامەی خەبات بابەتی دەنووسی بارەگای لە گوندی خانەقا بوو، ئاغا و کەس و کاریان هاوڕێیان بوو، کاکم ڕۆژێک هەمووی بۆ خۆشی هێنانە هەولێرێ.

ڕۆژێک گوتم کاکە من حزبی نیم، ئەو مستەفایە چییە بۆم باسکە؟ گوتی ئەو پیاوە لە کوردستان کەس جێی مەلامستەفا ناگرێ کەسێکی نایابە و کەسێکی لەوە باشتر نابینینەوە، بدۆڕێتین کوردستانیش دەڕوا. مەلامستەفا کەمێک ڕووسی دەزانی، لەگەڵ کوردی و عەرەبی. هەموو ڕۆژێک بانگدانان دێتە مقەڕ و دەڵێن سەرۆک هات ئەویش قاوەیەک.. چایەک دەخواتەوە و دەچووە ڕووباری و دەهات دادەنیشت، ئینجا دەیگوت ئەنوەر ئەمشەو چی هەبوو، چونکە متابعەی هەواڵی هەموو دنیام دەکرد. بە زمانەکانی دیکە، کاکم کەمێک فەرەنسی و ئەڵمانی دەزانی. دەیگوت سەرۆک ئەمشەو باسێکی وەها بووە و تێم دەگەیاند.

دواتر دەڵێ سەرۆک من دەمەوێ دوکتۆرای بخوێتم نامەیەک بنووسم و گفتوگۆ بکەم و تەواو دەکەم و دەگەڕێمەوە، ئینجا ڕێگەم بدە، بڕۆم، بۆیە دوو ساڵ و نیو لەوێ مایەوە هیچی وەرنەگرت، دواتر هاتەوە هەولێر، مەلا مستەفا چەند نامەیەک بۆ خرۆشۆف و حافز ئەسەد دەنێرێ بە کاکمدا دەڵێ ئەوانە لەسەر ڕێت بدە بەو کەسانە.

شتێکی هێنابوو لەناو جانتام دانا، گوتی بە جیاواز دانێ، گوتم ئەوە چییە؟ گوتی ئەوە مەلامستەفا دایمێ لە ڕووسیا فەحس بکەم ئەگەر ئەوە ئەڵماسی تێدا بێ، ئەوە کوردستان ڕزگار دەبێ، وەک بەردێک بوو دەبریقایەوە، کە بردیە ئەوێ لە ڕووسیا ئەوە کریستاڵە نەک ئەڵماس، دوو

پارچەی بەقەد پەرداخێک بوو گوتی فەحس بکەن. ئەوکات دەیەویست دوکتۆراکەی لە یاسای نێودەوڵەتی وەربگرێ، ئەوانەی لەوێ لەگەڵی بوون، کەمال مەزهەر و عزەدین مستەفا ڕەسوول لەوێ بوون، من لە گفتوگۆی عزەدین مستەفا ڕەسول (١٩٢٤- ٢٠١٩) لەوێ بووم وێنەی کاکم هەیە، کە گفتوگۆی نامەکەی کراوە.

- تارق جامباز: دوکتۆرە کوردستان موکریانی دەڵێ هاوین کە لە زانکۆی سلێمانی خوێندوویەتی لەوێ گیراوە.
- بەڵێ گیراوە هاوین یەکێتی بوو، چالاکی هەبوو، یەکێک هاتە دەرکەمان، گوتی هاوین زۆر زیرەکە لە هەندەسەیە، پۆلی سێیە، دەیگرن، بە ئاشکرا لەسەر شانۆ هێرش دەکاتە سەر حکوومەت، ڕێزانی کچی حوسێن ڕەشوانی (١٩٢١- ١٩٩٧) لەگەڵی دەبن، ئەو دوکتۆرە، ئەوەی تریش قیان خوشکی ڕێزانە. کاك ئەنوەر نامەی دوکتۆراکەی قبووڵ کرا و بڕوانامەکەی وەرگیرا.

لە مۆسکۆ دوکتۆرای وەرگرت، سەرۆک وەزیرانی یەمەنی جنوبی بەناوی عەبدولفەتاح، تەلەفۆنی بۆدەکات، دەڵێ من بێ ئیشم یارمەتیم دەدەی؟ ئەویش دەڵێ من ئیشم بە تۆیە، کاکم دەڵێ دەستووری یەمەن من دامنا، ماوەی چەند ساڵێکیش لەوێ مایەوە، منداڵەکانی لەوێ بوون، سامان لێرە مامۆستابوو لەوێ دایمەزراند و لە عەدەن دایمەزراندن، لە بەغداش بەڕێوەبەری گشتی بوو، لە بەغدا مایەوە، ئەگەر هەفتەیەک لە بەغدا بوایە دوو هەفتە لە دەرێ دەبوو، ڕۆژێک گوتی نیاز ئەوانەی دائیرە هەموو بەعسینە، کە من داوایان دەکەم دەڵێن، کۆبوونەوەی حزبییە، کوڕە پووری سەدام باسی کاکمی کردبوو، مدیر عامی ئەمنی بەغدا بوو، بەیەکەوە خوێندبوویان.

لە ڕووسیا من سەرم لە کاکم دا، لە گەڕانەوەی هاتینە ئەڵمانیا و تورکیا و منی لەناو قیتار دانا، لەوێ کچێک هات بە ئەڵمانی قسەی دەکرد، لە زمان زۆر لێهاتووبوو.

کاکم لە بەغدا هاتەوە هەولێر و بانی کچیشی سەیدەلانی بوو، هێنایەوە هەولێر و د. عەبدولرەزاق دەباغ کچەکەی دایمەزراند، گوتی دەبێ بچێتە ناحیە و قەزاکان ئینجا بێتەوە هەولێر، کاکم ئەنوەر گوتی ئەوە کچمە نابێ بچێ، دا. دەباغیش گوتی باشە، سەیدەلیەی بەغدای تەواو کردبوو، مەی لە قاهیرەیە ئەندازیاری لە بەغدا تەواو کرد، داکیان زۆر ماندوو بوو بۆیان، بانی کچی هاتە هەولێر و لێرە سەیدەلییەی دڵسۆزی بۆکردەوە، کاکم لەسەرەوە نووسینگەی خۆی هەبوو، لە بینای قادر مەجۆی بۆ وەرگێڕان.

(٢)

٢٠٢٢/١٢/٢٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ نیازی تاهیر لەبارەی گرتنی هاوین لە زانکۆی سلێمانی

هاوین نزیکی دوو مانگی پێ چوو دەوامی دەکرد قوتابییەك هات گوتی مامە ئیستخباراتی عەسکەری (هاوین)ی گرت. گوتم بە تەنها گیراوە؟ گوتی نەخێر کۆمەڵێەکن کورەکانیشی تێدایە بەس لە کچەکان هاوین ئەنوەر دڵسۆزی تێدایە (کاك نیازی کە دەکاتە مامی (هاوین) دەگێڕێتەوە) کە ئەو خەبەرەم بۆ هات منیش گوتم خودایە چی بکەم من ئێستا کەس ناناسم لە سلێمانی! پێشتر کەسانێکمان دەناسی بەس ئێستا مردوون، نەماون منیش شەوێ چوومە لای سەلاح عوسمان ئاغا (١٩٣٠- ١٩٩٥) گوتی ها لۆ ئەوها عادزی نیاز. گوتم کو عادز نەبم سەلاح، (هاوین) نیان گرتیە هاوینی کاك ئەنوەر گیرایە، گوتی بۆ؟ گوتم لەوێ بووە دیارە نەشاتی هەبووە حکومەت زانیتی ئیعتراف کرایە لەسەری گیراوە. بڕەك وەستا گوتی نیاز خەمی مەخۆ گوتی (خالید دەرویش) لەوێیە، خالید پێشتر لە هەولێر مدیر سجنی هەولێر بوو نەقیب بوو، سوتفە برادەری سەلاحی بوو دەیهیناوە مالّی خۆی دادەنیشتن. خالید مدیر ئەمنی سلێمانیە یەللا سبەی زوو وەرە دەچین.

لەگەڵ ئیحسان سبغتوالله ئامۆزای سەلاح عوسمان ئاغا و بورهان عوسمان چووینە سلێمانی لە رێگا هەر جەنازەیەکمان دەدیت ڕامان دەگرت دەچوومە لای جەنازەکان لێیانم دەپرسی وام دەزانی ئەوە هاوینە ئیعدامیان کردیە و دەیهێننەوە هەولێر. کە چووینە سلێمانی بۆ دائیرەی ئەمن لە تەنیشت دائیرەی ئەمن گەراجەك هەبوو (ئیحسان و بورهانمان لەوێ بەجێهێشت) چووینە ئەمن بەسەرکەتین حەرەسەکە گوتی ها بۆ کوێ؟ گوتمان دەچین بۆ لای (خالد

دەرویش) کە چاوی بە مە کەوت ئەوەندە ئینسانێکی بە وەفا و بەشەرەف بوو، هەردوو ئامێزی بۆمان کردەوە گوتی ئەنگۆم لە ئاسمان دەویست لە عاردی هاتینە بەر دەستم. سەڵاح گوتی واز لەو قسانە بینە گوتی خێر. گوتی خێر دەبێ (انشاء الله) بە دەستە توو خێردەبی خالید گوتی چ بووە؟ سەڵاح گوتی کچی نیازیت گرتەوە خالید گوتی سەڵاح لە ئیستخباراتی عەسکەری کچەك گیرابوو ئەم لەوێ بوو لە کن قائیدی بووم باسیان کرد منیش گوتم ئەوە هەولێریە، منیش'بە قائیدم گوت وەکو وەفایەك بۆ هەولێر، چونکە ئەمن لەوێ ژیامە ئەو کچەی لە ئەمنی خۆم دەگرم هەتاکو مەحکەمە دەکرێت.

قایدیش ئەمری دا گوتی با بیبات خالید گوتی والله هاوینم لەگەڵ خۆم برد ئەو کچە ناوی هاوین ئەنوەرە. ئێ سەڵاح گوتی ئێ ئەوە کچی نیازیە و نیازی بەخێوی کردیە بابی خۆی نەدیتیە هەر لە منداڵی چاوی کردۆتەوە ئەوە بابی بووە گوتی دەتانەوێ هاوینی ببینن گوتمان ئەری (والله). ئەدی لۆ چ هاتینە. (والله) جەرەسی لێدا گوتی هاوینی بینن. کە هاوین هات هەڵساوە ماچم کرد من گریام فرمێسکم هاتە خوارێ. خالید ئەمنی دیت گوتی کاکە نیازی بۆ دەگری. گوتم خالید ئەمن بەخێوم کردووە ئەوە کچی منە ئەوە جەرگی منە. گوتم خالید دەبی ئەمن باوێیە ژووری هاوینی بەر بدەی. خالید گوتی کو دەبی کاکە نیازی منیش گوتم ئەوە رەئیی منە، خالید گوتی خودا گەورەیە. عەجەلەی مەکەن. چووە سەر مێزی خۆی تەلەفۆنی لێدا کە گوتی سەیدی گوتم لەخۆی گەورەترە. گوتی سەیدی دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم دەمەوێ بێمە لات. گوتی خالید لە دەرێ ئیشم هەیە. خالیدیش گوتی سەیدی بەس خەمس دەقائق. کەخالید هەڵسا گوتی سەڵاح با هاوین لەکنتان بێ ئەوە هاتم. بە بەردەستەکەی گوت ساردی و چاو و

قاوەیان بۆ بێنە. خالید ڕۆی تەقریبەن ٢٠ دەقەی پێچوو هاتەوە فایلێکی زەردی لەدەست بوو ئەو فایلە لە ئیستخبارات بوو. هێنای گوتی هاوین. (واللە) خالید هەتا دەرکەی لەگەڵمان هات ماچم کرد. هاتینەوە هەولێری تەقریبەن پێنج ڕۆژ، یان شەش ڕۆژ بوو یووسفی زاوام مدیر شوئونی هەولێر بوو تەلەفۆنی لۆ کردم گوتی هاوینیان هینایتەوە هەولێر. گوتم ساغە گوتی ساغە کەفیلیان دەوێ دەیانەوێ بەری بدەن ئەوە دەچم بەری دەدەم. یووسف چوو بووە کەفیلی بەریاندا هاوین هاتەوە ئەو کاتەی خوشکە گەورەکەی ناوی ساماڵە بە مێردیان دابوو بە وریا بەهائەدین. مودەڕیس بوو کوڕی پلکی باوکیان بوو، دایکی چووبووە کنەوی پێشتر لەکنەمن بوو. داکم پێی گوت کچم بڕۆ کنەوی ئەوە بە تەنیایە. هاوین کە بەربوو چووە کن داکی دەستی منی ماچ کرد منیش گوتم هاوین کچم ئەلحەمدوللە لەو مزایەقەی قوتار بووی. ئاگات لە خۆت بێ کچم. هەتا خوێندن تەواو دەکەی..

کە گەڕایەوە کولیە هیچیان لێ داوا نەکرد تەوقیع بکات. خالید دەڵێ کاتی گرتنی ناردم لە داخلی خۆی چەند کتێب هەبوو ناردم لۆی بینن لێرە بخوێنێ. لەوێندەرێ داکی هاوین حەزی لە کوردایەتی هەبوو داکی (حەلیمە خان) لە شێخەکانی خەلان بوو نزیك حاجی ئۆمەران، منیش گوتم حەلیمەخان پێی بڵێ ئەتوو کچی دانیشە لۆمە خەتەرە ئێستا هەورۆ با یاخود هەوراز گوێم نەدەدا ئیعدامیش کرابانە فەخر بوو لۆمە. کوردایەتییە. هەستا چوونەوە، هاوین چووە سلێمانی دەوامی کردەوە. لەگەڵ برادەرەکی (ڤیان) تەواویان کرد هەتا مەرحەلە چواریشی تەواوکرد، دڵم هەر لەلای بوو. جامیعەی تەواو کرد دامەزرا لە وەزارەتی ئەشغال.

(٣)

چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوین نەنوەر دڵـۆز

٢٠٢٢/١/٢١ هەولێر/ گەڕەکی نەندازیاران (لەماڵی خۆیان)

- چۆن دەستگیرکرای؟

- من ،لە قۆناغی کۆتایی بووم لە زانکۆی سلێمانی، بۆ بەیانییەکەی تاقیکردنەوەی کۆتایی سالّم بوو، کاتی خۆرئاوابوون (مەغریب) ئۆتۆمۆبێلێکی دائیرەی ئەمن لە جۆری بیجۆ ڕەنگی بێجی کە سەر بە ئەمنی سلێمانی بوو، بە دوامدا هاتە بەر دەرگای بەشی ناوخۆیی، منیش لەگەڵ بەرپرسی بەشی ناوخۆ کە ئافرەت بوو، هاتمە دەرەوە، یەکسەر منیان ڕاپێچ کرد و سواری ئۆتۆمۆبێلەکەیان کردم.

- ئەوسا تەمەنت چەند بوو؟

- ئەوکات (٢٢) سالّی دەبووم.

- تەنیا تۆ کچ بووی کە گیرای؟ یان کوڕیش هەبوون؟

- کوڕ هەبوون پێشەمن گیرابوون، نزیکەی (٦٠) کەس دەبوون، بەس لە زانکۆی ئێمە تەنیا دووان بوون، لە ئافرەتانیش، تەنیا من بووم.

- چەند ڕۆژ گیران؟

- ١٣ ڕۆژ لە ئەمنی سلێمانی بووم، پاشان ناردمیانە مەعەسکەری کەرکووک، لێکۆڵینەوەی زۆر هەبوو، زۆربەی لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەوە بوو کە پێشمەرگە هاتووەتە گوندەکانیان.

- گوندەکە ناوی چ بوو؟

- گوندەکان جۆراو جۆر بوون، هەر جارەی کۆمەڵەیەک لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرا، لەبارەی ئەوەی کە بۆچی پێشمەرگە هاتوونەتە گوندەکەتان، ئەوانیش دەیانگۆت نازانین، ئەوجا لێدان و ئەشکەنجەدان دەستی پێ دەکرد و هاواریان لێ هەڵدەستا.

- تۆ ئەشکەنجە نەدرای؟

- من ئەشکەنجە نەدرام، چونکە واسیتەیەکی گەورەم هەبوو کە (عەبدوڵڵا نەقشبەندی) و (بەکر سامی) بوون.

- ئاودەست لە ژوورەکەت هەبوو؟

- نەخێر لە دەرگام دەدا لەکاتی پێویست، ئاودەست لە حەوشەکە هەبوو.

- ئەو کات ئافرەت لە تەنزیم هەبوو؟

- نەخێر تەنیا خۆم بووم، تەنزیمێکی تازە بوو، لەگەڵ خەڵکی دیکە دادەنیشتم و شتم دەنووسیەوە، کۆمەڵە خەڵکێک هاتن قسەمان لەگەڵ کردن کە ناوی تەنزیمەکەیان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوو، دامەزرێنەرەکەی نەوشێروان مستەفا بوو، بەس ئەوەی ئێمە ناوی پیرۆت بوو.

- چی دەزانی لەسەر باوکت کە لەدوای چوار ساڵ لە یەمەن بوو، (سامان)ی خوشکت لەگەڵدا بوو؟

- من باوکی خۆم نەدیوە، لە ١٩٦٦ تا ١٩٦٧ لە یەکێتی سۆڤیەت مایەوە، شتێکیان بۆ باس کردم/ ١٩٦٥ لە جەریدەی خەبات، چونکە پارتی

دوو باڵ بوو، باڵی مەلا مستەفا و باڵی مام جەلال, لەوێ لە جەریدەی خەبات بابەتی هەیە، بەڵام من نەمدیتووە تەنیا هەر باسی دەکەن، بەڵام لە کۆماری کوردستان (١٩٤٦) نۆ بابەتم دیتەوە لە گۆڤارەکی بەناوی خۆی. من هەواڵێکی زۆر وردم پێیە، بەڵام نازانم تا چەند ڕاستە، ڕەحمەتی لە مامۆستا بوو گوتی: کۆمەڵە کتێبێکم لە چاپخانەی (لبنان) بەناوی خۆم چاپ کردووە، گوتم بەناوی کێ؟ ناوێکی گوت بەس لە بیرم نییە! چونکە دەزانی چییە؟ ڕاستە تەمەنی هەندێک بچووک بوو (٢٢ ساڵ) بوو لەگەڵ کۆمارەکەی کوردستان بوو. کتێبێک لەبارەی وەهاب ئاغای نووسراوە، باسی باوکی کردووە لەگەڵ چەند کەسانێک بیرۆکەی دانانی حزبێک، یان دامەزراندنی پارتی لەگەڵ مەلا مستەفا و چوار ئەفسەرەکەی لەگەڵ هەمزە عەبدوڵڵا، میرحاج هەر لەگەڵیاندا بووە. تا ئەوانە لە ژیاندا بوون، پیاو ئەزانی چیان کردووە، بەڵام ئێستا هیچیان لە ژیاندا نەماون.

(٤)

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

خۆم و خانەوادەکەم

ئەندازیار: هاوین ئەنوەر عەبدوڵڵا دڵسۆز

من هێشتا منداڵێکی بچووك بووم كه له نێو دەوروبەرێکی گەرم و گوڕدا دەژیام كه خۆی له تەواوی ژیانی گەلی كورد دەنواند، بەشێوەیەکی گشتی كه داوای مافه ڕەواکانی نەتەوەیی دەکرا له كوردستانی عێراق.

هەروەها حزبی دیموکراتی كوردستان و بزووتنەوه چەکداریەکەی كه پێی دەوترا پێشمەرگه، نوێنەرایەتی کێشەی كوردیان دەکرد و ئەوکات تاکه نوێنەر ئەوان بوون، هەروەها مەرجەع و سەرچاوەیەك بوو كه خەڵکی بەدڵ و به گیان لەگەڵیاندا بوون، خەڵکەکه چاویان له بڕیار و فەرمانەکانی ئەوان بوو، بەو پەڕی بایەخەوه له چاوەڕوانی و بەدواداچوونداٍ بوون بۆ جوولانەوه و چالاکییه سیاسی و چالاکییه چەکداریەکانیان.

خێزان و خانەوادەکان به گەوره و بچووکەوه له دەوری ڕادیۆی دەنگی كوردسان کۆ دەبوونەوه كه تاکه هۆکار و ئومێدیان بوو بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و بەدواداچوون بۆ هەواڵەکانی حزب و چالاکییەکانی پێشمەرگه، ئەمه جگه له هەندێ بڵاوکراوەش كه به نهێنی بەسەر هەندێ خەڵك و ماڵەکاندا دابەش دەکران و بەپێی هەلی گونجاو و دوور له چاوی بەرپرسان و دەزگا ئەمنییەکانی حکوومەت.

هەروەها دێتە بیرم کە خەڵکی چۆن لە خەمی ئەوەدابوون داوو دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی کۆ بکەنەوە و بەو پەڕی نهێنییەوە دوور لە چاو و پێزانینی هیچ کەسێك بۆ پێشمەرگەی ناو چیاکان بنێرن.

بە درێژایی تەمەنی منداڵیشم، کێشەی نەتەوەیی، لە کێشە سەرەکی و گرفتەکان بوو کە تێیدا ژیاوین. ئەگەرچی تێگەیشتێکی کەمیشمان هەبوو لە مەسەلەکە، بەڵام هەست و سۆزمان بە تین بوو، زانیارییەکان کەمیش بوون و لە بازنەیەکی بچووکی بەرتەسك و هەژاریشدا بوو، ڕاگەیاندنە لاوازەکەی ئەو ڕۆژگاری، زیاتر بریتی بوو لە ڕاگەیاندنی شەقام کە خۆی لە ڕۆژنامە و نامیلکە و هەندێك کتێبی تایبەت بە لێکۆڵینەوەیەکی مەنهەجی دەنواند سەبارەت بە قسە کردن لەسەر کێشەکە بە وردی و هەروەها بۆچوونی کەسێتیم پشتی بەو گەنگەشە و دەمەتەقێیانەوە دەبەست کە لە نێوان کەسە گەورە و بە تەمەنەکان لەکاتی کۆبوونەوەیان لەناو خێزاندا لێی دەدوان، پاشان گوێگرتن لە ئێزگەی ڕادیۆیەکی قەدەغەکراوی پڕ لە هاشە هاشی ئەو سەردەمی کە لە چیا سەرکەشەکانی پەخش و بڵاو دەکرایەوە، بەردەوام گۆرانییەکی بە ژاوەژاوی بەناوی هانی – هانی ئینگلیزی لەسەر بوو کە پاشان بە (تەشویش) ناسراو دەبووە هۆی خنکاندنی دەنگەکە و زۆر بە زەحمەت دەمانتوانی گوێ لە ڕادیۆکە بگرین و لە ناوەڕۆکی پەیامەکان بگەین.

کێشەکانی ئەوسای کورد کێشەیەك بوو کە خۆی لە مافی گەلی کورد لە خوێندن بەزمانی خۆی و بەشداربوون لە هەموو جومگە و دامودەزگا

و دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا دەنواند کە ئەمەش پێی دەگوترا ئۆتۆنۆمی (حوکمی زاتی).

زۆینەی گەلی کورد هاوسۆز و هاوکار بوون لەگەڵ کێشەکەی و هەروەها دوو دڵ و ڕاڕا نەبوون لە بەشداریکردن لە زۆربەی چالاکییەکان.

لەگەڵ ئەم جۆرە کێشە و ڕووداو و دەردە سەریانە گەورە بووین، ئێمەش وەک خانەوادەیەک، ڕۆژێک چییە! باوکی خۆمان لەماڵەوە لەناو خۆماندا نەبینی، هەر لەو ڕۆژەی لەدایکبوونمەوە تا ئەوکاتەی کۆچی دوایی کرد، خوالێی خۆش بێت!

باوکم پەیوەندی بەم بزووتنەوەیە کرد و ماڵ و حاڵ و خانوو و خێزان و منداڵی بەجێ هێشت، بە درێژایی تەمەن و ژیانم نە ڕوخساریم بینی و نە ئامادەیی هەبوو لە ناومان، جگە لەوەی کە وێنەکەیم لەناو ئەلبومەکەیەوە بینیوە!

ڕۆژێکیان کە هێشتا منداڵ بووم، ڕەنگە لە باخچەی ساوایان بووبم، وا بزانم تەمەنم لەنێوان ٥- ٦ ساڵان بوو. چاوم بە وێنەیەکی باوکم کەوت، سەرم سوڕما و هەواڵەکەیم لە داپیرم پرسی!

وێنەکەی باوکم- لە بەندیخانەی کەرکووک- بوو، دەست و پێی بە زنجیری ئاسن بەستراببووەوە بە هیلاکی و بێزارییەوە لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، پۆلیسێکیش بە چەکەوە، وەک پاسەوان لە پشتییەوە ڕاوەستابوو!

وابزانم ئەو وێنەیە ئەوکات گیرابوو کە لەگەڵ بارزانی باوک لە سنووری ئێران پەڕیونەتەوە، ئەمەش لە کۆتایی چلەکان بووە ئەو کاتەی دەرکران و ڕوویان کردە مۆسکۆ، بەڵام دایک و باوکم بە سواری وڵاغ بوون لە ڕۆژێکی

زۆر سارد کە بەفرەکی چڕ دەباری، ئەوەندەی نەمابوو لەناو بەفرەکەدا بە ولاغەوە نقووم بن، هەروەها فڕۆکە جەنگییەکانیش بەدوایانەوە بوون و بۆمبارانیان دەکردن. ئەوەبوو لە کۆمەڵە خەڵکەکە دابڕان و لەناو بەفردا عاسێ بوون و بە ناچاری بۆ هەمان ئەو شوێنە گەڕانەوە کە لەگەڵ مەلا مستەفاو کۆمەڵە پێشمەرگەیەك لێی هاتبوون.

دوای لە سێدارەدانی هەرچوار سەرکردە ئەفسەرەکەی لەگەڵ مستەفا خۆشناودا بوون، باوکیشم پێنجەمین بوو، بەڵام ڕزگاری بوو بەو هۆکارانەی کە دایکم (خوا لێی خۆش بێت) باسیان دەکات، بەڵام ئێستا من باسیان ناکەم!

منیش هەرچەندی بە تەمەن گەورەتر دەبووم، خەونیشم گەورەتر دەبوو، ناخی دڵ و دەروون و عەقڵمی داگیر دەکرد، بیرم لە کێشە ستەم لێکراوەکەی کورد دەکردەوە، بیرکردنەوەیەك کە لەگەڵ ساڵەکانی تەمەنی ئەوکاتم نەدەهاتەوە و یەکی نەدەگرتەوە. ئەم کێشەیە بە شێوەیەك کاری لە ناخ و ویژدانم کردبوو. لە واتاکانی دەگەیشتم و دەمەتەقێ و گەنگەشەم لەبارەیانەوە دەکرد و بەو پەڕی تواناوە زۆر بە گەرموگوڕی لەهەر شوێن و کاتێکدا پێویستی کردبا، بەرگریم لێی دەکرد.

لە زۆربەی گردبوونەوە و بزاڤ و ڕێکخراوە نهێنییەکان بەشداریم کردووە و بەدوای چارەسەری کێشەکەدا گەڕاوم. لە کاتێکدا هێشتا قوتابی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی بووم، هەوڵم دەدا ئاگاداری هەموو جۆرە چالاکی سیاسی بم و بچمە ناوی وەك باسکار و لێکۆڵەرێك بەو ئاواتەی ڕێچکە و

درزێك بدۆزمەوە كە تێیدا بتوانم خزمەت بە ئامانجەكەم بكەم. بڕواشم وابوو ئەمەیان باشترین و دروستترین ڕێچكە و شێوازە!

هەوڵە سەرەتاییەكان، هەوڵی خۆ نزیك كردنەوەی ئەو ئافرەتانە بووكە لە سەرەتای حەفتاكان بەخۆیان دەگوت هاوڕیانی حزبی شیوعی. ئەمەش لەدوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی بەرەی میللی عێڕاقی بوو. ئەمەش وەك پێویستیەك بوو بۆ ڕەواندنەوەی ترس لە ناخی شیوعییەكان، بە تایبەتی لەدوای ڕێككەوتنی كاری هاوبەش (میثاق عمل المشترك) لەنێوان بەعسییەكان و شیوعییەكان و كۆمەڵە كەسێكی دی كە وابزانم لە حزبی دیموكراتی كوردستان جیا ببوونەوە، وابزانم داوایان لێ كرابوو كۆبوونەوەیەك بكەن بۆ لێكۆڵینەوە لە هەندێ كاروباری تایبەت بەبارودۆخە گەرمەكەی ئەوكات. داواكە قبوڵ كرا بەو نیازەی گوێیان لێ بگیرێت و چارەسەرییەك بۆ بارودۆخ و دۆزی گەلی كورد بدۆزنەوە كە لەژێر باڕێكی قورسی پڕ لە ستەمی سیاسی و ئابووری و چارەنووسسازدا دەینااڵند.

دووجار لە كۆبوونەوەكەدا لەگەڵیان بەشدار بووم، یەكێكیان لەناو گۆڕستانێك بوو لە گۆڕستانەكانی شار! ئەویتر لە ماڵێك بوو، بەاڵم زۆر بە نهێنی!

كۆبوونەوە لەناو گۆڕستانێك بۆ قسەو گفتوگۆكردن لەبارەی گرفت و كێشەی گەلی كورد كە جێی بایەخی من بوو، بەم جۆرە نهێنییە و خۆپارێزی و سووربوونە لەڕادە بەدەرە، بەتایبەتی دوای ڕاگەیاندنی بەرەی میللی كە تا ڕادەیەك ئازادی بۆ هەموو لایەك دەستەبەركردبوو، بۆیە پێویستی بەم هەموو خۆپارێزی و ترسە نەدەكرد، ئەمەیان بە تێڕوانینی من تا ڕادەیەك زێدەڕۆیی تێدابوو! ئەمە لەلایەك، لەلایەكی ترەوە قۆرغكردن و تایبەتكردنی هەردوو

کۆبوونەوە و دانیشتنەکان بۆ قسەکردن لەبارەی فیکری حزبی شیوعی بوو، دوور لە کێشە نەتەوەییەکەی من. ئەمەش دڵی ئازار دەدام و تووشی شۆکی کردم و بە ڕادەیەك، یەکسەر دابڕانی یەکجارەکی خۆم ڕاگەیاند، چونکە نە مارکس و ئینگلیز و نە بە لشەفییەتی ستالین و تروتسکی و بیروباوەڕەکانی مارتۆف ناتوانن کورد لە خەم و دەردەسەریی و هیلاکییەکان دەربێنن، منیش خۆم بەپێویستم زانی چیتر مێشکی خۆم بە مێژووی شۆڕشەکان و تیوریە سیاسی و ئابوورییەکان و پڕۆلیتاریا و کۆسمۆپۆلیتیزم پڕ نەکەمەوە، نە بۆ من پێویست بوو، نە داواشم دەکرد. کێشەی من، کێشەی گەلێکی لێقەوماوە و ستەمدیدەیە لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆیە من بەدوای باشترین ڕێگەدا دەگەڕام کە بتوانم لییەوە خزمەت بەو میللەتە چەوساوە و ستەم لێکراوە بکەم. ئەمەشم لەنێو کۆبوونەوە و دانیشتەکانیان نەدەڕزییەوە، بۆیە بڕیامدا بە یەکجاری لێیان دووربکەومەوە و دابببڕێم.

بەشداریم لەو خۆپیشاندانانەدا کرد کە داوای جێبەجێکردنی ئامانجەکانی گەلی کوردیان دەکرد کە هاوکات بوو لەگەڵ بەیاننامەی ١١ ی ئاداری ١٩٧٠. ئێمە وەك قوتابیانی ناوەندی هەولێر دەردەچووین، هەرچەندە بەڕێوەبەرە و جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانەکەشمان ڕازی نەبوون، بۆ بەشداریکردنمان لەم خۆپیشاندانانەدا، بەڵام قوتابی وامان لەگەڵدا بوو بەسەر دەرگای حەوشەی قوتابخانە کەوتن و دەرگاکەیان کردەوە و پەرینەوە ناو شەقام و گەیشتنە ناو ئاپۆڕای جەماوەری خۆپیشاندەران و لەناوچەی نافورەی ئاوی کەسك و سۆر- فولکەی زەعیم- نزیك کەوتینەوە. ئێستا بۆتە بینایەی فندق شیراتۆن، بەدروشمی جۆراوجۆر هاورامان دەکرد لەپێناو کورد و کوردایەتی، ئارەقەمان لێ دەچۆڕا و دەیان مەتر بە دروشمی جۆار و جۆری جەماوەری کەوتبووینەڕێ و گوێمان بەوە نەدەدا کەوا ئەگەری ئەوە هەیە هێزەکانی ئاسایش، یان پۆلیس بمانگرن. هەروەها گوێشمان بە هەڕەشەی

بەڕێوەبەری قوتابخانەش نەدەدا بەوەی کە یاسای قوتابخانەمان پێشێل کردووە، هەروەها لە داب و نەریتی خانەوادە و کۆمەڵگەش دەرچووبووین بەو پێیەی چەند قوتابیەکی بە تەمەن بچووکمان لەگەڵدا بوو کە نەدەبوو بەشداری ئەم جۆرە چالاکییانە بکەن.

پەرۆشی و لایەنگیریم بۆ کێشەو نەتەوەی خۆم وای لێ کردبووم کە بۆ هەموو کەسێك پەرۆش بم کە لە خزمەت نەتەوە و دۆزی نەتەوەییمدا بوو، هەروەها هەست و سۆزم بۆ حزبی دیموکرات (پارتی) پەرۆشییەکی سۆزدارانەی تەواو بوو بە شێوەیەك کە نە دەکرا لەگەڵ ئەو هەستەدا دوو دڵ و ڕاڕا بین، بەڵام کەسانی دیکەش هەبوون کە سەر بە بیرۆکەی ئیشتراکی و کۆسمۆپۆلیتی بوون بەبێ ئەوەی لە واتا و ڕاستگۆیی و واقعییەتەکەی بگەن، یەکێك لەمانە کە هەمیشە بە دواوەمەوە بوو، وازی لێ نەدەهێنام، تەنانەت ئەو کاتەی کە لە زانکۆی سلێمانی لە کۆلێجی ئەندازیاری شارستانیش وەرگیرام و چوومە سلێمانی! قوتابیە شیوعیە مارکسییەکان هەر بەدوامەوە بوون و داوای خۆشەویستی سیاسیان لێ دەکردم لە ڕێگەی هاوڕێیەتی کەسی، یان خانەوادەیی، یان داوەت کردنم بۆ میهرەجانە شیعرییەکانیان و خوێندنەوەی شیعری شۆڕشگێڕی لەسەر کوردستان، بەڵام کەیفیشیان پێم نەدەهات بەهۆی لایەنگیریی نەتەوەییم، یان ئەم جۆرە هەست کردنەم.

خوێندنەوەی قەسیدەیەکم بەناوی (هاوارێکی کپکراو نیشتمانم کوردستان) لە دوو میهرەجاندا دەنگی دایەوە، یەکەمیان پێشبڕکێیەکی شیعری بوو لەنێوان قوتابیانی قوتابخانەکانی ناوەندی کوڕان و کچان لەسەر ئاستی هەولێر بەدووەم دەرچووم، چونکە شاعیری یەکەم، شیعرەکەی بەزمانی کوردی بوو، بەڵام من چونکە ڕۆشنبیرییەکەم بە عەرەبی بوو، ئەگەرچی شیعرەکەشم باسی لە مەینەتییەکانی گەلی کورد و ئەو دەسەڵاتە دەکرد

کە دژایەتی کورد دەکات، ئەوەبوو یەکێك لە بەرپرسانی پەروەردە کە لە لیژنەی ئامادەکاری پێشبڕکێیەکە بوو پێی ڕاگەیاندم، ئەگەر وا نەبووایە- مەبەستی عەرەبییەکە بوو- ئەوە شیعرەکەی تۆ شایەنی خەڵاتی یەکەم بوو.

بڕیارمدا ئەم قەسیدەیەم لەنادی قوتابیان لە زانکۆی سلێمانی بخوێنمەوە کە وەزیری دەرەوەتیش لە هۆڵی زانکۆکە و ئەنجومەنەکەدا بوو، ڕاستەوخۆ بەرامبەرم بووا! قەسیدەکەم خوێندەوە کە باسی لە ناڕێکی سیاسەتەکانی دەکرد و ئەمەش بووە مایەی وروژانی (استفزاز) و ئالنگارییەك بۆ ئامادەبوونی، ئەوەبوو کارەبایان کوژاندەوە و هێڵەکەیان بڕی تا لە خوێندنەوەی بوەستم، بەڵام من گوێم پێ نەدا تا هێزم تێدابوو پڕ بە دەنگم قەسیدەکەم خوێندەوە، بەمەش قەسیدەکە بووە داینەمۆی نیمچە دیاردە و لایەنگرییەکی مەعنەوی و وای لێ هات چەندان شەو و ڕۆژ هەر خەریکی کۆپی کردنەوەی قەسیدەکە بووم بۆ دابەشکردنی بەسەر ئەو قوتابیانەی حەزیان دەکرد ببینن!

ساڵی ١٩٧٣ قۆناغی یەکەمم بوو لە کۆلیجی ئەندازیاری لە زانکۆی سلێمانی، ئەو سلێمانییەی کە شاری گڕ و کڵپە و پشکۆی ژیلەمۆی گەشاوەی ناو بۆتەی هەستەکانی ئەو ستەمکارانە بوو کە بیرو بڕوا نەتەوەییەکانی خۆیان تا ڕادەیەك پیرۆز کردبوو گەیاندبوویانە ئاستی ئاسمان. لە بەرامبەریشدا سووکایەتی و گاڵتەیان بە هەموو بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی دی دەکرد! هۆش و زەینی خەڵکی لەو کاتەدا لێرە و لەوێ و بیرو باوەڕ و ئاراستەکان هەمووی خرابوونە نێو بازانەی ڕۆشنبیری نەتەوەیی (الثقافة القومية) و هەوڵدان بۆ ئاراستەکردنی جەماوەر و هەموو توانایەك لەم پێناوەداو بە گیرهێنانی خەڵك بۆ هاتنە پاڵ داواکانیان و بڕوا پێهێنانیان تا ڕادەی مردن و گیان بەخت کردن لەم پێناوەدا!

داواو و بانگەشەی منیش (بۆ کوردایەتی) و بڕوای تەواوم پێی، خەباتی بێ وچانم لەم پێناوەدا و لەچوارچێوەی ژینگەیەکی کوردانەی تینوو کە لەنێو تەنگژەیەکی مەترسیداردا دەژیا کە بە هێزێکی زەبەلاحی ئەوتۆ دەورە درابوو کە بە پێنجەمین هێزی سەربازی و سوپایی دەژمێردرا لە جیهاندا، هەروەها پاڵپشتی کردنی لەلایەن هێزی ئاسایش و هەواڵگرییەکی زۆر درندە و تۆقێنەر.

ڕۆژێکیان دوای خۆرئاوابوون- مەغریب- گیرام، ئێوارەی ئەو ڕۆژەی کە بەشداری تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵم کردبوو کە لە قۆناغی چواری کۆلیج بووم، واتە قۆناغی کۆتایی زانکۆ تا وەک ئەندازیاری شارستانی دەربچم کە ئەمە هەموو هیواو ئاوات و خەونم بوو کە لەم ڕێگەیەوە شارو نیشتمانە نەتەوەییەکەی خۆم پێ ئاوەدان بکەمەوە بەپێی ئەو تاقەت و تواناییەی هەمبوو بەو پەڕی هێز و دڵسۆزی و لەخۆبووردییەوە.

من یەکەمین قوتابیی کچ بووم کە کەوتمە زیندانە قێزەونەکەی بەعس کە لە خراپترین زیندانەکانیاندا کە سەر بە ئاسایش (الامن)ی سلێمانی بوو نزیک ئۆتێڵ سەلام، پاشان گواستەوەم بۆ سەربازگەی کەرکووک کە ترسناکترین و قێزەوەنترین بوو.

ساڵی ١٩٧٧ لە مانگی تەمووز کە گەرماکە لەوپەڕیدا بوو، من لەنێو ژوورێك بووم بەڕووبەری (٢×٣) مەتر، یان بچووکتریش، پەنجەرەی نەبوو، جگە لە کولانەیەك لە بنەوەی دەرگاکە نەبێت کە پاسەوانەکان خواردنیان لەوێ پێدەدام کە پێیان دەگوت (قسعە- القصعة)، بەڵام تاکە پەنجەرەیەکی هەبوو ئەویش بە کەرپووچ و چیمەنتۆ گرتبوویان، درزێکیان لەلای سەرەوەی هێشتبووەوە بۆ هەواو هەناسەدان.

لەکاتی لێپرسینەوە ولێکۆڵینەوە لەگەڵ بەندکراوانی تری کورد، دەچوومە سەر جانتا بچووکەکەم تا لەو کولانەی سەرەوە تەماشایان بکەم، ژووری لێکۆڵێنەوە و لێپرسینەوەی دەیان پیاوی چاو بەستراوی ڕووتکراوەی بەتای دەرێ قوتە (شۆرت) دەبینی! گەرمایيە تاقەت پڕووکێنەکە لەناخەوە هەستی دەکوشتم و هەستم بەژیان نەدەکرد، بەتایبەتی کە گوێم لە ناڵەو هاواری ئەو گەنجانە دەبوو کە لەژێر ئازار و ئەشکەنجەداندا بوون، هەروەها گوێم لە دەنگە دەنگ و خەڵکی ئەم گوندانە دەبوو کە هەموو جار بۆ لێپرسینەوە دەیانهێنانە ئەو ژوورەی کە بەرامبەر ژوورەکەی من بوو.

سەربازگەکەی کەرکووک بریتی بوو لە خانووی بچووکی ڕۆژهەڵاتی (شەرقی) لەتەنیشت یەکتری دروستکرابوون. منیش لە یەکێك لەم خانووانەدا بووم، بەتەواوی گوێم لە دەنگی دەرەوە دەبوو، دەمزانی ئەمە لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە دەکرێت، ئەو کەسانە هیچ تاوانێکیان لەسەر نەبوو، تەنها تاوانیان ئەوە بوو کە پێشمەرگە هاتبووە گوندەکانیان، ئەوانەش باجەکەیان دەدا، ئەوەبوو هەموو پیاوانی گوندەکانیان بۆ لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدان ڕاپێچی زیندان دەکرد.

هاوار و قیژەیان بەندی دڵانی دەپساند، بەتایبەتی دڵی گەنجێکی بچووکی وەك من! کەلەنێو سەرباز و سوپایەکی دڵ ڕەق دەژیام و هەموو ڕۆژ و سەعات و خولەکێك گوێم لە هاوار و ناڵەی ئەم بێتاوانانە دەبوو کە ئەشکەنجە دەدران، نینۆکیان دەردەکێشان، بە کێبڵ و قامچی لێیان دەدان، یان تەزووی کارەبان لێ دەدان.

هەروەها لە ژوورەکەی تەنیشتمەوە گوێم لە هاوار و فیغانی پیاوان دەبوو کە داوای ئاویان دەکرد، خەریکبوو لە تێنوێتیان دەخنکان بەو گەرما تاقەت پڕوکێنەی شاری کەرکووك بەتایبەتی لەمانگی ئاگرینی تەموز و

نزیك له ئاگرەكانی بیرە نەوتەكان كە ئاو و هەواكەی بەتەواوی دەكوڵاند! ئەوانیش لەنێو ژوورێكی بچووكدا ئاخنرابوون كە دەیان كەس بوون، بە زەحمەت جێی پێیەكت دەبووەوە، هیچ حەسانەوەیەكی تێدا نەبوو، هاوار و قیژەیان دەگەیشتە لام، وەك بڵێی دەنگی سەدای ڕانە مەڕێك بێت وابوو! گوێمی كەڕ دەكرد، لە حەژمەتان و لە تاوان دەگریام و بەتەواوی دادەڕمام و دەمارەكانم گرژ دەبوون. هەندێك جاریش وەكو حاڵەت و دیمەنێكی هەستیریانەی لە عەقڵ بەدەر لە حریتەی پێكەنیم دەدا.

من بە تەنیا بووم لە ژوورەكەم، ئەگەرچی دوو قوتابی دیكەی خەڵكی دهۆكیشم بۆماوەیەكی كەم لەگەڵدا بوون، هەروەها ئافرەتێكی نانەوا كە خەڵكی رواندز بوو، گیرابوو، ئازار و ئەشكەنجەیان دەدا تا دان بە شوێن و ناوونیشانی مێردەكەیدا بنێت! وابزانم پێشمەرگە بوو، یان یەكێك بوو لە یارمەتیدەرەكانیان.

ماوەی چل ڕۆژ لە زیندانی بەعسیەكان مامەوە، فەرمانی لە سێدارەدان بۆ بیست قوتابی دەرچوو كە لەگەڵ منداً گیرابوون، ئەوانی تریش لەنێو زیندانی هەتاهەتایی، یان بۆماوەیەكی دیاریكراو، منیش بە سااڵێك زیندانی حوكم درام لەگەڵ وەستاندنی جێبەجێكردن (وقف التنفیذ).

سااڵێكی دەرچوونم لە زانكۆ لەدەست چوو، سااڵی پاشتر دەبوایە تاقیكردنەوە بكەمەوە تا وەك ئەندازیارێك دەربچم و بیر لە واتای ئاوەدانكردنەوەی ڕاستەقینە بكەمەوە، واتای ڕووخان و داڕمان ڕەتبكەمەوە لە هەموو بوارەكانی ژیاندا!

ڕۆژگاری زیندانییە پڕ لە ئازارەكەم، پەندو ئامۆژگاری زۆری فێركردم، زۆر لایەنی لە ژیانی لەدەستچووی گەلە سەركەردان و ونبووەكەمی نیشان دام!

ئەم چل رۆژەی زیندانییەکەم، مەینەتییەکی زۆری پێ چەشتم کە بووە مایەی گۆڕین و تێڕوانینم بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکان و هەندێك لە ڕەفتارییەکانی مێشکمی نەرم کردەوە و تێڕوانینە ڕووکەش و سەرپێییەکانمی بۆ بوون، گۆڕی و تا قوواڵتر بە ناخی دونیای ڕاستییەکاندا بچمە خوارەوە... ئەم ئەزموونانە سوودی زۆریان پێگەیاندم و بوونە مایەی دەوڵەمەندی فیکریم، بەڵام هێدی هێدی و لەسەرەخۆ!

سوپاس و ستایش بۆ خوا

کێژە کورد

٢٠٢٣/٣/٩

هەولێر پارێزراو بێت

بەپشتیوانی خوای باڵادەست

(٥)

سامالّی نەنوەر دلّسۆز لە نیستانبۆل لە ٢٠٢٣/٣/١٨ بۆی ناردم

ئێمە چوار ساڵ لە یەمەن پێکەوە بووین هەر کە گەیشتینە یەمەن دەستی بە ئیش کرد،

شوقەی وەرگرت و سەیارەی وەرگرت دەستی بە چالاکییەکانی کرد

بەڵام ئەم ماوەیە بێجگە لە راوێژکاری، سەرۆکی دەزگای خۆی بوو، پاشان ئەو قەزیەی ئەو ئێسکانەی دەهێنا لە ئەفریقیا ئەو کارگەی کە ئینگلیز دابنابوو هەر پشت گوێ خرابوو، زۆر فەوزا بوو لەو وڵاتە. وای لێ هات باوکم کەرەستەکانی هێنا بەس نازانم لە چ وڵاتێك بەس کە دەچووە دەرەوەی وڵات ئێسك لە دە وڵاتی ئەفریقیا و یابان کە دەیکردە پاوەر دەی نارد وڵاتی ئینگلتەرا. خۆی ژیانی تایبەتی خۆی زۆر کراوە نەبوو، واتە دابنیشێ لەپێش منداڵ باسیان بکات. ئەمە ئەو چوار ساڵە پێکەوە بووین. چووە ڕوسیا ژنی هێنا و منداڵی بوو لە ساڵی ١٩٦٠ لە ئێمە هەر دوور بوو ئەگەر نامەکی ناردبا، ئەمن لە مەکتەبی خانزاد بووم بەڕێوەبەر بەدوامی دەنارد دەیگوت سامالّ ئەوە نامەی باوکتە بۆی ناردووی هەموو وەیانزانی ئێمە دوورین لە باوکمان ئێمە لە لوبنان بووین ١٩٧٣. بەڕێکەوت پیاوێك سڵاوی لە باوکی کارزان کرد وابزانم ناوی کەمال بوو گوتی باوکت کتێبێکیان داناوە، بەناوی خۆی نیە، بەڵام ناوەکەم لە بیر نەمایە. باوکم پاش ئێمە ساڵێك ماوە. ئێمە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ گەڕاینەوە. بەڕاستی ئەو زۆر خۆی ماندوو کرد لەگەڵ ئەو کارانەی کە دەیکرد بەتایبەتی ئێسکەکە.

لەسەردەمی سالم ڕەبیع عەلی (١٩٣٥- ١٩٧٨) (کە سەرۆك کۆمار بوو) ساڵی ١٩٧١ ئێمەش من و مێردەکەم (ابو کارزان) بۆ عەدەن ئیفاد کرابووین لەلایەن دەوڵەتەوە عەلی ناسڕ محەمەد سەرۆك وەزیران بوو، بەڵام عەبدولفەتاح ئیسماعیل (١٩٣٩- ١٩٨٦) سکرتێری حزبی فەرمانڕەوابوو.

باوکم لەهەمان ساڵ گەیشتە عەدەن و ئێمەش گەیشتین، باوکم بووە ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیران (عەلی ناسڕ محەمەد) پاشان بووە بەڕێوەبەری گشتی خوێی و سەردانی یابان و وڵاتانی ئەفریقیای دەکرد بۆ ڕێککەوتن لەگەڵیان، هەروەها کارگەیەکی کۆنی وەلانرا و هەبوو کە لەدوای ڕۆیشتنی ئینگلیز لە عەدەن لە کۆتایی شەستەکان مابوەوە. باوکم نۆژەنی کردەوە و کارگەکە پێویستی بەچی هەبوو، بۆی هێنا. ئەم کارگەیەی بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی بۆدرەی ئێسکی ئاژەڵان بەکاردەهێنا بۆ فرۆشتن. کارگەکە کەوتەوە ئیشکردن و باوکم خۆی بووە بەڕێوەبەر و بەرپرس و ئێسکی لە ئەفریقیا (جیبۆتی و سۆماڵ و وڵاتانی دیکەی ئەفریقیایی) هاوردە دەکرد لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ڕێککەوتنی مۆر دەکرد بەتایبەتی ئینگلتەرا. لەم بۆدرەیە دەرمان و جەلاتین و کەرەستەکانی جوانکاری دروست دەکرد، ڕاستیەکەی باوکم پیاوێکی یاسایی بوو و پێشنیازی بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکان هەبوو.

باوکم کاتێك لە مەهاباد بوو لەساڵی ١٩٤٦ دایکمی خواست، بەڵام ماوەیەکی زۆر بەسەر هاوسەرگیریاندا تێنەپەڕیبوو چەند مانگێك بوو، کە ڕووخانی کۆماری مەهاباد ڕاگەیەنرا (حکومەتی کوردی بەسەرۆکایەتی

قازی محەمەد ١٨٩٨- ١٩٤٧) ئەوەبوو مالّ و حاڵمان بەجێهێشت و هەڵاتین (وبستیان لەگەڵ بارزانییەکان بۆ ڕووسیا ڕابکەن، بەڵام لەبەر بەفرێکی زۆر نەیانتوانی) بەڵکو ڕایانکردە گوندی (ردە) بۆ مالّی (سەید عەبدوڵڵای نەهری) پاشان بۆ نەغەدە بەسواری وڵاغی و بە زەحمەتی و دەردە سەرییەکی زۆر و بەهاوکاری و پشتیوانی خەڵکەکە...) بەڵام هاوڕێکانی باوکم (میرحاج- ڕەئیس عزەت لە دهۆك- خەیروڵڵا لە هەولێر- مستەفا خۆشناو لە شەقڵاوە) ئەوانە لە ڕیزی سوپا و سەربازیدا بوون هەموویان چوونەوە عێراق و لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو.

بەڵام دایك و باوکم گەیشتە ڕواندز و (د. ئەنوەر) لە ڕواندز گیرا، پاشان بۆ گرتووخانەی کەرکووك ڕەوان کرا فەرمانی گرتنی بۆ ماوەی دوو ساڵ بەسەردا سەپێنرا، پاشان ڕەوانەی گرتووخانەی هەولێر کرا و ماوەیەکی کەم لە گرتووخانەی هەولێر مایەوە و پاشان ئازاد کرا.

(ئەم زانیاریانەم لە دایکم وەرگرت و بەهۆی نەخۆشی و کۆچی دوایی کردنی، نەمتوانی تەواوی بکەم).

گەنجێکی قەڵای هەولێر لە رۆژنامەگەریی سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) بابەتی بەزمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە[*]

گەنجێک تەمەنی ٢٢ ساڵ بێت و بچێتە ڕیزی جوواڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان وبەشداری لە کۆماری کوردستان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بنووسێتەوە وبە کوردیێکی پاراو و پۆستی بدرێتێ و تا ئیمڕۆ نەمزانیبوو ئەو ڕۆڵەی هەبووە وڵاتپارێزانە خەباتی بۆ وەدەستهێنانی هیوا و ئاواتی سەربەخۆیی کوردستان کردبێ و دوای نسکۆی کۆماریش دەگەڕێتەوە، بەڵام کۆڵ نادات، بەڵکو دەبینێ جگەرگۆشەکانی بەناوی کوردی ناو ناون و ناز ناوی دڵسۆزی لەخۆی ناوە گەرچی بنەماڵەکەیان لە بنەماڵەیەکی دێرینی هەولێری مەلا فەندییە، بەڵام ویستوویەتی تایبەتمەندی کەسایەتی خۆی و وشیاری هەستی نەتەوایەتی بەدەربخات بەم نازناوەش بناسرێ و هەربەم ناوەش ناسراوە و لە سەرچاوەکان ئاماژەی پێکراوە، بەڵام حەیف و مخابن تەنیا ئاماژە بە ڕۆڵی و ناوی کراوە لێکۆڵینەوەیەک یا کتێبێک لەبارەی وڵاتپارێزی نەنووسراوە و چاپ نەکراوە، بۆیە بە پێویستم زانی تەنیا لایەنی وڵاتپارێزی بنووسمەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیم بە بەڕێز نیازی برای دایکی کرد. تاکو کتێبەکە لە ڕێی خانەوادەی خۆی سەنگینتر بێ و بە بەڵگە و وێنە و دەستووس کە لایان پارێزراوە. هێندەی بە دەنگمانەوە هاتن

---

[*]تێبینی/ دەقەکان وەکو خۆی نووسراونەتەوە و بڵاوکراونەتەوە، ڕەنگە لەگەڵ شێوازی نووسینی ئێستا جیاواز بێت،بۆیە دەستکاری نەکراون.

ئەوا ئاماژە بەناویان و ئەو بەڵگەنامە و وێنە و دەستخەتانە دەکەین کە بە ئیمێڵ بۆیان ناردم سوپاسێکی بێ پایانیان دەکەم و هەندێ کەسایەتی دیکەش هەن پێویستە لەبارەیانەوە بنووسرێ، بەڵام نەک زەحمەتە، بەڵکو دژوارە و لەبەر ئەوەی کارەکەمەیدانییە و سەردان و مکوڕ بوون و ئەنجامدانی مەرجی وەدەستهێنانی کەرەستەی پێویستە بۆ نووسینەوە، ئەم جۆرە بابەتانە چونکە دەبێ پشوو درێژ و ماندوو نەناسانە کاری بۆ بکرێ و ساردنەبنەوە گەر هەندێکیان بە ڕووخۆشی و گەرمی پێشوازیان لێ نەکردین، وەڵامیان نەدایەوە و ئەگەر پێش چەندین ساڵ ئەنجام بدرابایە لە ئەمڕۆ باشتر دەبوو. چونکە بەساڵاچوان لە ژیاندابوون و ئەمڕۆ گەر دیداریان لەگەڵ بکرایە نووسینەکەی چاکتر و پتەوتر دەکرد و ئێستا لە زانکۆکان بڕوانامەی دەرچوون یا ماستەر و دکتۆرا زۆری لەم سەرچاوانە وەردەگیراو بە داخەوە ئەمڕۆ بە دەگمەن لەبارەی ئەم مرۆڤانە دەنووسرێن، بۆیە وا باشە چ بە سەردان و پەیوەندی کردن بە مۆبایل لەسەریان بنووسرێ تاکو چیتر دوانەکەوێ و تا نەوە دوای نەوەش بیانناسن و بزانن چیان کردووە.

گۆڤاری کوردستان ١٩٤٦(*)

بۆ پەیدا نەبوونی جەنگی سێیەم حقوقی ملیەتی چوکەم (بچوک) ئەساسێکی بەهێزە

أ.ع. دلسۆز

مەعلومە ئەساسی جەنگ لە رێکەوتنی ئیمپریالیزم و دەوڵەتە ئیمپڕیالیستەکان بۆ قازانج کردنێکی زۆر لە دوای پەیدا کردنی بازاڕی زۆرتر ئەگەڕێن و هەر دەوڵەتێک لە دەوڵەتە ئیمپڕیالیستەکانی گەورە ئارەزووی پەیداکردنی زۆرترین بەش ئەکا لە بازاڕ باسکراو و ئەو بازاڕانە پەیدا نابێ ئیلا لە مستعمرات نەبێ یا دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان هەریەکە کە کۆشش ئەکات بۆ پەیداکردنی موستعمەراتی زۆر بۆ قازانجی زۆر، کەواتە هەر وەکو بەکورتی دیارکرا، ئەساسی تێکگیربوونی ئیمپریالزمە لەسەر بازاڕەکانی دونیایە.

هەروا بەشکردنی ئەو بازاڕانە بە سورەتێکی موتەساوی ممکن نەبوونی میقداری منتاجی ئەو دەولەتە ئیمپرالیستانە یەک نەبوونی ئەیخانخانە تەنکو چەلەمەیەکی دائیمی جا بۆ ئەوەی لەم تەنگ و چەلەمەیە رزگاربین بەکارهێنانی هێزی عەسکەری پەلامار ولاتانی تر ئەدەن بۆ زیادکردنی بازاڕی بازرگانی هەروەکو ئیتالیا پەلاماری حەبەشەیدا و ئەڵمانیا پەلاماری نەمسا و جیکوسلوفاکیایدا، جا لەمەشدا ئەڵمانیا بە وەرگرتنی ئەردو و دەوڵەتە

(*)ژمارە ١/١٩٤٦لاپەرە ٩/١٠.

سەربەستانە نەگیشتە پایەی ئینگلتەرا دووبارە پەلاماری پۆلۆنیا و دیگەر و وڵاتانی تریدا لەم حەلە تیمی ئینپریالیەکان و بۆرژوانیەکانی ئینگلیز کە نەوەک لە بازاڕی بازرگانی ئینگلتەرە تێپەڕ بکات، بەهەموو جۆرێکەوە ئەم رێگەی گرتیان قراریدا کە لەلایەن هەر تەرەفەوە جەنگ ئیعلان کرا،

و حەتا پاش شکانی تەرفێک لە شەڕەکانی تەرەفی سەرکەوتوو لە بەینی خۆیاندا لە بەشکردنی میرانی تەرەفی شکاو ئەکەوتە کێشەکێش هەروا کەواتە سببی پەیدابوونی جەنگ پەیدا کردنی. موستعمەراتە و تاکو موستعمەرە هەبێت جەنگ هەیە، جا سەربەست بوونی ئەو موستعمراتە ئەساسێکی زۆر بەهێزە بۆ پەیدانەبوونی جەنگێکی تر و ئازادبوونی ئەم میلەتە بچوکانە گولەیەکی زۆر بەهێزە لەسنیەی هێزی ئیمپریالیزم ئەدرێت هەروا کۆششکەوتی میلەتی چوکە بۆ ئازادی و سەربەستی تەنیا قازانجی خۆی نیە بەڵکو قازانجی ئەسایشی عالەمیە و نەتەوەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکە کە هەمیشە لەهەموو جەنگێکدا گەورەترین باری و گرانترین بەسەر شانی خۆیا هەڵگرتوە هەروا کورد لە داواکردنی ئازادی لە سەربەستی تەنیا نیە بەڵکو بە تەئیدی هەموو وڵاتە بچوکەکان، هەموو نەتەوەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لەژێر سەرداری یەکێتی سویات (سۆڤیات) بەختیارە، کەواتە کورد بە هێزێکی زۆر گەورەوە داوای ئازادی و سەربەستی ئەکات.

ئەم داواکردنەش حەقێکی مەشروعی خۆیەتی لە هیچ کەس سوئال ناکات هەروەها ئەم داوایە سەرکەوتنی زۆر ئاسان و نزیکە.

رۆژنامەی کوردستان ١٩٤٦(*)

ئەنوەر- دڵسۆز

عولمای ئەم چەرخە گەلێک خەریکی تەربیەت بوون بەڵام کامیان گەیشتونەتە ئامانجێکی راست. چونکە مەوزوعی تەربیەت سەربەخۆ نیە عیلاقەی دەگەل نیزامی وولات و پێشکەوتو پاشکەوتنی وولات هەیە.

هەروەکو دێتە بەرچاوی هێندی کەسانی تر تەربیەت تەنیا ئەوە نییە چوک و گەورە لەسەر میز دانیشتن بە کەوچک و چەنگال نان بخۆن. یانە کچی منالْ جلی مۆدیلی لەبەر بکرێت و گۆرانی بگرێت لەگەڵ کوڕان بنێردرێتە قوتابخانە. بەڵێ ئەمانە عەلامەتی پێشکەوتن بەڵام گەلێک شتی تریش هەیە وەکو عیلمی راست فێربوون و لەشێکی ساغ بەخێوکردن و خۆلە نەخۆشی پاراستن کەوا زمنی مەوزوعی تەربیتە پێویستە بزانرێ ئەمانە هەموو بە دایک و باوک ناکرێت. و ئەگەر بمانەێ وولاتێکی باش کەوتوو بۆ پێشەوە بڕوینین نابێ تەنیا چاومان تەنیا لە دەستی دایکو باوک بێت، بڵێن بە تەربیەمان بۆ بەخێو ئەکەن و فێری دزی و قومار و شتی تریان ناکەن، بەڵێ دایکێک منداڵی خۆی فێری بە کەوچک نان خواردن بکات و لە ئانی نزیکی قوماربوان بە لێدان وتێهەڵدان قەدەغە لێ بکات. بەڵام ئایە بە یەک یادە یا سەد تیکی وا هەموو منداڵی وولات فێری بە کەوچک نان خوارد بە یان لە قومار دوور دەکەون! یانە ژنێکی تێکگەیشتوو لەناو شارێکی وولات بیەوێ زنجیرەی با دەری کۆن بشکێنێ خۆی دانەپۆشی هەموو ژنانی شار سفور دەبن!

(*)ژمارە (٣٩) لاپەرە ٢/١.

نەخێر، ئێمە گەلێک بە فڕۆ ئەچین ئەگەر باری تەربیەت هەمووی باوێتە سەرشانی دایک یا نە بڵێین پیاوی دز گوناهی دەکەوێتە سەر دایک و باوکی چونکە چاک تەربیەیان نەکردووە گوایا لە کۆمەڵاتێک پیاوێکی بێ کارو برسی چە کاری بە دەست نەکەوێ دزی ناکات! یا نە پێوە ژنێک دوو سێ منداڵی هەبێت بە هیچ جۆرێک ژیانی ئەم منداڵانەی بن تەئمین نەکرێت. فێری سواڵ کردن و دزیان ناکات! ئایە ئەم دزانە ئەگەرچی بە گوێرەی قانون دزیش بژمێردرێن بەڵام نەختی بیرێ لێ بکەیتەوە بە سوچدار دەژمێردرێن! لەلایەنی تەوە پرسێک لەخۆمان بکەین ئایا ئیمڕۆ هەموو کەسێک خاوەنی چەنگاڵ و کەوچکە. یانە هەموو کەسێک دەتوانی لەسەر مێز و کورسی دانیشیت بە کەوچک نان بخوات! هەموو کەسێک ئەم چێشتەی هەیە بە کەوچک بخوات! وابزانم ناوپیواز زەروریە کەوچک و چەنگاڵ بخورێت. ئەگەر ئەکریەت میلەتێک نان و پێواز شتی وەکو نان و پێوازی جەمە چێشتی بێت. مومکن نییە فێری بە چەنگاڵ نان خواردن و خاوەنی مێز و کورسی بێت، هەروەها قومارکردن و نەکردنیش نەتیجەی تەربیەتی باوک و دایک نیە چونکە هیچ گومانی تێدا نییە زۆرجار وابوە بەرچاوان کەوتبێ باوک لە کوڕی خۆی داوە لەسەر قومارکردنی لە مااڵەوەی دەریکردووە بەڵام لەسەر ئەمەش وازی لە قومارکردن نەهێنانەوە.

جا کەواتە ئەگەر دایک و باوک تەنیا ئەمانە هەموو مەسئول نەبن کێ تر هەیە مەسئول بێت! و چۆن تەربیت کریت! هەروەکو گوتمان ئیسلاحی تەربیەت عیلاقەیەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ ئیسلاحی ئیجتماعی و ئیقتسادی هەیە. چونکە تاکو بێکاری و برسیەتی لە جێگایەک هەبێت دزی لەو

جێگایە هەمیشە هەیە، جا بۆ ئەوەی دزی نەکرێت. پێویستە چارەی بێکاری و برسیەتی و جەهالەت بکرێت و بە ئیقدامێکی بەهێز ئەو سێ دەردە دەرمان بکرێت. بەمانەش بە دایک و باوک ناکرێت بەڵکو بە دایک و باوکی میلەت (دەولەت) دەکرێت، دەوڵەت دەتوانێ بە دروستکردنی فابریقە و مەشاریعی ئیقتسادی و کۆمەڵایەتی بێکار و برسی نەهێلی، دەوڵەت دەتوانی مەدرەسە بڵاوبکاتەوە و جەنگی جەهل بکات جا بە نەمانی ئەو سێ دەردە و دانانی جەزایێکی سەخت، وابزانم جۆرێک پیاوی دز نامێنی قومارکردنیش لە بێکاری ئەسبابی تەسلیەیە جا بە نەمانی بێکاری و پەیابوونی ئەسبابی تەسلیەوە وەکو یانە و باخ و باخچە و شتی تر، بڕوا ناکەن قوماریش بمێنێ.

مایەوە ناحیەی فێربوونی عیلمی راست، بێگومان بۆ ئەوەی هەموو نەفەرێک خدمەتێکی راستی و وڵات بکات پێویستە بێ هەڵخەڵەتاندن بە علمێکی راست تەسلیح بکرێت، ئەمەش کاری دەوڵەتە، ئەو دەولەتە کە لە میلەت دەرچوو، غەیرەی فایدەی میلەتی نەبێ هیچی تری مەنزور نەبێت، چونکە ئەو حکومەتانەی کە بەڕاستی میلەتەکەیان دەرنەچوون خدمەتی میلەت ناکەت بەڵکو خدمەتی چەند نەفەرێکە و ووڵاتە ئەکەن و ئەوانی تریش بە عیلمێکی ناڕاست هەڵدەخەڵەتێن تاکو لە کردەوەیان ئاگادار بێ و خۆیان ئیشتراکی حوکمی خۆیان نەکەن.

هەروەها بەدیار کەوت موباشەرەتی دەوڵەت ئەتوانێ تەربیەتی میلەت بکات و قیسمەتی تەربیەتیش بە گوێرەی قیمەتی ناحیەی ئیقتسادی و کۆمەڵایەتی ئەروا و پێش ئەکەوێ.

لەشکری کوردستان(*)

ئەنوەر دڵسۆز

بێ گومان دروستکردنی هەموو لەشکر میللەتی بۆ یەکێ لەم دوو مەبەست لە دروستبکرێت: یان بۆیە پەلاماری بێگانەدان وواڵاتانی تر داگیر کردنیان لە پەلاماری بێگانە خۆپاراستنی ئەم لەشکرەی پەلاماری وواڵاتانی تر دەکات بە لەشکری ئیستعماری دەناسرێت لەو مەنفەعەتی دەوڵەتێك کە بە چەند کەس عیبارەتن کاری دەکەن و جەوان پیرو رۆلەی میللەتییە بەکوشتنی دەدەن بەڵام ئەو لەشکرەی بۆ پارێزگاری وواڵاتانی خۆی دروست دەکرێت هەمیشە دەبێتە موبەرامبەر بە هێرشی و پەلاماری لەشکری نەوعی یەکەم و بە لەشکری میللتی دەناسرێت جا گویا لەشکری کوردستان دەبێ لەم دوو جۆرە لەشکرە کامیان بێ! لەشکری ئیفتخاری لە وواڵاتێکدا دەبێ وەکو ئەڵمانیان و ئینگلیز و ئەمریکا و فرانسە! پیشەسازی بەهێز بی سەرمایەردارانی ببنە حاکمی و وڵات ئەم لەشکرە لە واڵاتێکدا دەبێ لە دەست رەنج بە عادلانە دابەش نەکرێت لەشکری میللەتیش لەو وواڵاتە دەبێ کە هەمیشە پارێزگاری ئازادی نێو وواڵاتی خۆی بکات یان ئازادی وواڵاتی خۆی و حەقی خۆی داوا بکات، ئینجا کە ئەمانەمان زانی بۆمان ئەمان دەبێ بزانین لەشکری کوردستان لەچی پایەیەکی میللیە لە میللەتەوە دەرچووە هەر تەنیا بۆ میللەتی کورد کاری دەکا بەرامبەر قانونی حکومەتمان هەمو کەسێك یەك پایەیە هیچ کەس تەفاووتی لەگەڵ هیچ کەس نییە لەبەر ئەوەی لەشکرمان لەژێر سێبەر و رەهبەی ئەم حکومەتەوە دەبێ ببێتە لەشکرێکی

(*)ژمارە (٦٥) لاپەڕە ١ و ٤.

میللی هەروا هەر وەکو دەبینین لەشکرمان لەخودی میللەت دەرچووە کار گەرو رەنجبەر و ئاغاو توجار و هەموو ئیتاعەتێك کاری دەکەن و داوایەکی عادیلانەی حقوق و ئازادی و سەربەستی میللەتی کورد دەکەن.

لەشکری کوردستانی ئازاد کە عیبارەتە لە (٥٠٠٠) پێشمەرگە بناغەی لەشکری کوردستانی گەورە بە هەڵگری بەیداغی ئازادی ئەم لەشکرەی کوردستان' وەکو زۆر لەشکری دونیا زەحمەت و سەربازی میللەتی خۆیان نین هەموو پێشمەرگە و ئەفسەرێك و ژانرالێکی لەشکری کوردستان لەگەڵ نەفەرێکی قەرەیخە نیە. هەرچەندە چۆکیمان گەورە بێ، جا هەربژی پێشمەرگە و ئەفسەر و ژەنەڕالانی لەشکری ئازا و رەشیدی کوردستان.

تیجارەت بۆ مەنفەعەتی میللەت [*]

ئەنوەر دڵسۆز

ئازادی ئیقتیسادی بەهێزترین ستونە کە سەربەستی وڵاتی لەسەر رادەوەستێ، فەرقیش بەینی وە وڵاتێکی موستەمەر و وڵاتێکی ئازاد هەر ئەوەیە، ئیقتیسادیاتی وڵاتی یەکەم لە وڵاتێکی تردە دەخورێت، ئیستیعمار دەکرێت وڵاتی دووەم ئیقتیسادیاتی خۆی و خۆی دەخوا و ئیحتیاجاتی خۆی پێ تەئمینی دەکا، هەر ئەوەیە تەمانا دەکەین وڵاتی مەستەعمەر لە هەموو وڵاتێکەوە نوقسانیان هەیە، وڵاتە سەربەستەکان جگە لەوەی نوقسانیان نیە بەڵکو

[*] ژمارە (٥٩) ل٢.

مواریدی تەبیعی و لەخۆیا، زیاتر دەفرۆشن یان بەشتێك دەیگۆڕنەوە كە ئیحتیاجیان پێ هەبێت.

یەكەم: هەروەها تەماشای كوردستان بكەن چونكە تاكو ئێستا لەژێر چەپۆكی ئیستعمار بوو لە هەموو یانە و وڵاتێك ئیحتیاجی خۆی لە حكومەتێكی تر یان وڵاتێكی بە پول دەكرێ ئەمەش جگە لە قازانج زەرەری زۆری هەیە، چونكە ئەم پولەی تیجارەتی دەرەوەی پێ دەكرێ دەبێ موقابلی زێر لە بانكێكدا دابنردرێت هەموو دەولەتێكیش موسەكەن نابێ هێندە زێڕ پەیا بكا تاكو ئیحتیاجاتی خۆی پێ تەئمین بكا یەك لەمانە كوردستانە هەر وەكو دەزانین كوردستان مەواردی تەبیعی زۆرە بەڵام مومكن نابێ هێندە زێڕ پەیا بكا بۆ ئەوەی ئەو شتانە بكرێت كە لە كوردستان دا نەبێ.

دووەم: تیجارەتی گۆڕین كە هەموو دەولەتێك دەتوانێ شت بە شت بگۆڕێتەوە، ئەم جۆرە تیجارەتە قازانجی زۆر و بەتایبەتی بۆ لایێكەوە نوقسانی هەیە، هەموو شتێكمان پێویستی ئیسلاحە، ئەنجا تەماشای كردارەی چوار مانگە ئەو كوردستانە ئازاد و سەربەستە بكەن، چونكە ئیقتساداتی خۆی بۆ خۆی بەكاردێنێ دەگەڵ تازەیی وكچكەی لە زۆر رێگاوە ئیسلاحاتی ئەنجامداوە.

ئینجا یەك لە سەروەتی موهمی هەموو وڵاتێك تیجارەتە، چونكە هیچ مومكن نابێ وڵاتێك ئیحتیاجی بە هیچ شتێك نەبێ یانە خۆی بە مەواردی خۆی هەموو نوقسانێكی تەئمین بكا، ئەوە ئەمریكا و دەوڵەتی شورەوی دەوڵەمەندترینی هەموو حكومەتانی تەواوی دونیایە دیسان لە هێندێ شتان ئیحتیاجیان بە دەوڵەتانی تر هەیە، تیجارەتیش دوو جۆرە:-

یەکەم: تیجارەتی ئیعتباری: کە هەموو حکومەتێک و دەوڵەتێک وەکو کوردستان بەگوێرەیی ئەم جۆرە تیجارەتەی دەبێ کوردستان هەروەکو گوتمان مەواردی تەبیعی زۆر شت بە شت بگۆڕێ یەعنی دەتوانێ گەنم بەکارخانە بگۆڕێ یان خوری بە ماشێن یا تەیارە بگۆڕێ، ئەوەش پاش ئەوەی ئیحتیاجاتی میللەت لە گەنم و خوری تەئمین بکرێ، ئینجا زیادەی ئەم جۆرە تیجارەتەی پێ دەکرێت.

جا ئەی کوردانی نیشتمانپەروەر، پاش ئەوەی زانیتان تیجارەت گۆڕێن چەند قازانجی هەیە، دەبێ ئەم جۆرە تیجارەتە لەلایەن هەموو دانیشتوانی کوردستان پەسەند بکرێت، ئەم پەسەند کردنەش بە قسە نابێ بگۆترێ و کاریشی پێ دەکرێت، ئێستا حکومەتی خۆشەویستمان قەراری داوە بە ماوەیەکی کەم ئیحتیاجاتی میللەت تەئمین بکات، هەموو نوقسانێکی وڵاتیش پڕ بکات بۆ ئەوەی بگاتە ڕێزی دەوڵەتانی تەمەدن و پێشکەوتوو.

هەڵبەت خۆشتان دەزانن ئیجتیاجات بە ئاسانی تەئمین ناکرێت، چونکە ئێمە حەتا دەرزی و دەزوو لە خارج دەکرێن، جا بۆ ئەوەی ئەمە تەلاقی بکرێت دەبێ هەموو جۆرەکانی خانە بکرێن بۆ ئەوەی هەموو شتێک خۆمان دروست بکەین، دەبێ شەمەندەفەر و ماشێن ی زۆر بکەین، ڕێگای ئاسن و ڕێگای ماشێن دروست بکەین تاکو خۆمان لە ڕێزی موتەمەکین بژمێرین.

ئەی کوردانی خۆشەویست و ئەوانەی تێنوی ئازاین و تەرەقی پێشکەوتن بە هیمەتی ئێوە تەواو دەبێ.

حکومەتی کوردستان قەراری داوە تیجارەتی گۆڕێن بکا بۆ مەنفەعەتی میللەت و دەوڵەت ئینجا ئێوە دەبێ هەموو جۆرە مەحسولاتێکتان بەبێ زیادەی

به حکومەت بفرۆشن، تاکو نوقسانی کوردستانی بۆ پڕ بکات تاکو لە ڕێزی پاشەکەوتوان بتانهێننە ڕێزی پێشکەوتووان.

ئەی دانیشتوانی کوردستان، ئەی نیشتمانپەروەران، حکومەتی کوردستان هەر لە خۆتانە و هەر بۆ خۆتان کاری دەکا، دەبێ یاریدەی بدەن تاکو پێشکەوتن.

شەرکەتی تەرقی گۆڕینی حاسیلاتی کوردستان بەوشتانە کە ئیحتیاجاتی پێ هەیە، دەر عەهدی خۆی وەرگرتووە،دەبێ ئەمکارە نایابە بە هەموو لایەکمان تەشجیع بکرێ.

هەر بەرقەرار بێ حکومەتی خۆشەویستمان لەژێر سێبەری ڕەهبەری گەورەمانی پێشەوای موعەزەم.

هەر بژی ئەو کوردانەی پاریدەی حکومەت دەدەنو ئارەزووی پێشکەوتنی میللەتی کورد دەکەن.

چیمان لە تەهران دەوێ [*]

ئەنوەر دڵسۆز

جاری دووەمە نمایندەکانی میللەتی ئازربایجانی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی تەهران بانگ کراوون لەجاری یەکەم هەروەکو لێتان مەعلوم بوو نەگەیشتنە نەتیجەیەک هەردوو رازی بکات، لەمەدا نمایندەکانی ئێمە سوچ دار نەبوون هەروەکو تەهران بڵاوی کردەوە لەژێر پەردەی ئەوە کە مەتالیبی نمایندەکانی ئازربایجان و کووردستان بە

[*]ژمارە (٥٧)لاپەڕە ١ و ٢.

گوێرەی دەستوور و قانونی ئەساسی ئێران نییە، هەروەکو پیشەوەری سەرۆک وەزیری ئازربایجان فەرموی ئێمە بەقەدەر خۆمان شارەزای دەستوور و قەوانینی ئێرانین، ئێمە لە ئەمریکا نەهاتووین، ئەمە زۆر غەریبە لە هەیئەتی حاکیمەی تەهران تەردەدوود لە دانی مەتالیبی میللەتانی ئازربایجان و کوردستان بکەن چونکە مەتالیبە پول نییە لە قاسەی ئان و پۆڵا حفز بکرێت وکێشکی لێ بکێشن یا نە گۆشت و برنج نییە لە نرخی خۆی کەمتر لە گۆشتفرۆش و بەقاڵ بخوازین نەماندەنێ، ئێمە زۆر چاکئاماده و حازرین هەیئەتی حاکیمەی تەهران تێبگەینین مەتالیبی ئێمە حەقی شاردوتەوە ئەمانە زۆر غەڵەتە وا تێبگەن بەهێز یانەبە تەهدید و ترساندن وا بکەن ئێمە واز لەم حەقەبهێنن.

ئەم حەقەشمان ومرگرتووە، ئێستا هەروەکودەزانین میللەتی ئازربایجان وکوردستان هەردوک خۆیان حوکمی خۆیان ئەکەن و هەردوک حکومەتی خۆیان دروستکردووە، بۆ پاراستنی ئەم ئازادیە لە میللەتانی خۆیان هێزێکی میللیان دەرهێناوە.

ئەوەی ئێمە لە تەهران دەخوازین ئەوەیە کە ئستعماری ئەم دوو میللەتە بەشتێکی مەشروع نەزانێ و دووبارە بۆ پەردەی دیکتاتۆری و حوکم کردن بەسەر کوردستان و ئازربایجان داهێنان لە کۆنفرانسی بەینەلمیللەلی داوا نەکات و بزانێت کورد لە مەتالیبی خۆیان زۆر ئیسرار دەکەن، بۆ ومرگرتنی ئەم متالیبە سەرو خوێنیان داناوە، لەمەدا زۆر عینادن.

ئێمە شتێکی غەیرەمەشروعمان ناوێت هەیئەتی حاکیمەی تەهران با لە گەورە و مامۆستاکانی خۆیان هەیئەتی حاکیمەی دەوڵەتە سەرمایەداران بپرسن مەزمونی پەیمانی ئەتلانتیک چی بوو؟ بۆچی هەموو میللەتانی تەواوی

دونیا دەستی یەکتریان گرت و خۆیان ئامادە دەکرد بۆ معاونەتی دەوڵەتە سوێتدخوازەکانی دیموکراسی، بۆ ئەوە نەبوو پاش لابردنی دەوڵەتە فاشیزم ودیکتاتۆرەکان هەر میللەتێک نائیلی حەقی خۆی بێت و خۆی حوکمی خۆی بکات، ئەگەر نایانەوێ حەقیقەتەکە بخەنە روو و ئاشکرای بکەین، ئێمە حازرین لەگەڵیان کۆببینەوە بە گفتوگۆ کردن تێیان بگەیەنین، ئینجا ئەگەر بەم جۆرە تێ نەگەیشتن زۆر چاک بزانن ئامادەین بە نیزەی تفەنگ تێیان بگەیەنین، ئێمە و ئێوە زۆر لەوە دوورین سەروەت و مەواردی تەبیعی خۆمان بدەینە دەست هەیئەتی حاکیمەی تەهران خیابان و قەسر بۆ خۆیان دروست بکەن شارەکانی ئێمەش وەکو شارانی قرون وستا بمێنێ یان سالّ دوازدە مانگ، کارگەر وفەلاح و خوێندەوارمان رەنج بدەن مالباتمان بستێننن، بیکەن بە زێڕ لە ئەستۆی خانەمەکانیان بکەن یان تانکو تۆپ و تەیارەی پێ بکڕن، کەس دەنگی ئازادی لە جێگایەک هات لێی بدەن، شوعلەی بکوژێنیتەوە یا زوبانی فارس بکەن بە زمانێکی رەسمی لەمەدارس و دەوائری حکومەت گفتوگۆی پێ بکرێت و بنوسرێت یان مەئمور و مەوزەفین لە هەمەدان و ئەسفەهان و تەهران بێن و حوکمان لەسەر بکەن و شەقمان تێهەڵدەن.

ئەمانە جارێک خۆیان لە چۆمی بێ ئاو داوە نەترساون وا دەزانن هەمیشە وایە، ئێمە پێیان دەڵێین ئێستا بەهاری کوردانە ئەم چۆمەی کە لەهاوینی کوردی رابردوو خۆتانێداوە نەترساون ئەو چۆمە نیە لەم چۆمەدا نەوەکو پیادەتان بەڵکو هەموو سوارتان تێدا ئەچێت و مەحو دەبێتەوە، ئەمانە جارێک حوکمی کوردیان کردوە، هەر بە یادی جاران دەیانەوێ ئەم حوکمە نوێ بکەنەوە، ئەی حکومەتی تەهران ئەو رۆژانە کوردستان ئەسیری دەستتت بۆ گوزاشت و رابردوو دووبارە بە چاوی خۆت نابینی، ئەی رۆلە نەبەردانەی کوردی دەست بەسەر و ملکەچ وبێ زنجیر تیهەڵدانی تۆ قبول ناکەن، ئەگەر چاوێکت لێ بێ چۆن میللەتی کورد بە ئاغا و رەئیس عەشیرەت و رەنجبەر و کارگەر و

خوێندەوار،دەستیان داوەتە دەستی یەک و پەیمانیان داوە و تاکو ئاخرین تنۆکی خوێنیان فیدای ئازادی و بەختیاری کوردستان بکەن.

کاربەدەستانی کورد لەژێر ئیرشاد و پێشڕەوی رەهبەری کوردستان پیشەوای خۆشەویستلە هەموو موئەمراتی دوژمنانی کورد ئاگادارن و هەموو پلانێکیان داناوە بۆ بەربەرستکردن و بەربەرەکانی هەموو جۆرە موتەمراتێک و پیلانێک زددی کورد دابنردرێ.

میللەتی کُورد زۆر چاکدەزانی حکومەتانی تورکیا و ئێراقیش ئەترەشیان لە کورد چووە، بۆیە موعاهدات و پەیمان مۆر دەکەن، بۆئەوەی هەردووک دەستیانجووت کەن ئینجا لەکورد بدەنئەی حکومەتانی تورکیا وایران عێراق، هەموو پارچەکانی کوردستان کەوا لەم سێ دەوڵەتەندەستیان داوەتە دەست یەک و پشتیان بە پشتی یەک بەستووە، هەموو خۆیان کردوە بە پێشمەرگەی جەبهە ئینجا داوای ئازادی و سەربەستی خۆیان دەکەن. ئەوەی لە گورگ بترسێ دەغل ناچینێ[*] یان هەروەکو برادەر ستالین دەفەرموێ: ئەوەی لە دروندە بترسێ ناچێتە ناو جەنگەوە.

ئەی حکومەتانی تورکیا و ئێران و عێراق، ئەگەر لە ئێوە بترسێن داوای ئازادی و سەربەستی خۆمان ناکەین.

سەدای لێ بڕوا هەزاری دێتە جێگای تاکو کوردستان هەموو نائلی حەقی خۆی ئەبێ.

ئێستا هەموو کوردستان دەستی داوەتە دەست یەک. دەڵێ: هەربژی رەهبەری گەورەی کوردستان جەنابی قازی محەمەد.

---

[*] لە کوردەواری بەم جۆرەش گوتراوە: ئەوەی لە گورگ بترسێ، حەیوان داری ناکات.

هەر بژی سەرکردە و فەرماندە و ئەفسەر و پێشمەرگەکانی کووردستان.

رۆژنامەی هاواری نیشتمان ١٩٤٦(*)

دیموکراسیمان دەوێ لەهەر کوێ

ئەنوەر دڵسۆز

سااڵیادی رابردوو دوژمنایەتییمان بەرامبەر بە حکومەتانی ئێران دەنواند بۆچی؟ چونکە حکومەتی ئێران بە قوەتی بازو لە حقوقی خۆمان، مەحرومی کردبوین و دیکاتۆیش لەسەر دەنواندین خوێندن و نووسینی بە بەزوبانی کوردی لێ قەدەغە دەکردین بێجگە لەوە لەم هەموانە زۆر موهمتر خوێنی ئیقتسادیمان لە رەگی کانگاکانی روەتی دەشرین ئەم هەمووانە بۆ دەوە سەبەبی دوژمنایەتی کورد و حکومەتی ئێران هەروا عەینی ئەم شتانەیدا، دەبێتە سەبەبی دوژمنایەتی میللەتی کورد و حکومەتانی فاشیستی تورکیا و کۆنەپەرستی عێراق، ئەگەر ئەم ئەسبابانە، ئەمان چیان لە میللەتی فارسی بێ گومان دەوێ! ئەگەر ئەم ئەسبابانە نەمانی ئێمە خوشەویسترین برادەری میللەتی فارسین هەروەکو ویست برادەری مللتی ئازربایجانین بۆ هیچ گوتە.. رەق و کینەمان لە میاندا نامێنێ، ئێمە دەمانەوێ لەناو دیمەکراسیدا بژین لە دووای دەگەڕین- جار زۆر بێ فکرین ئێمە ئەوانەی وەکو ئێمە لە دووای دیموکراسی دەگەڕین بە برادەر بەڵکو بە برای نەزانین.

ئێمە بە کورتی داوای دیموکراسی ناکەین بەڵکو لە نەتیجەی ئیدراکەوەیە ئێمە زۆر چاك زانیومانە تاکو ویستای بزربوونی حقوقی کورد هەر لەبەر نەبوونی دیموکراسی راست بوو. هەر لەبەر وجودی ئیستعمار و ئەساڵیبی

(*)ژمارە (٥) ل١/ل٢.

دیکتاتۆری بووە، هەر لەبەر ئەوە بوو کە حکومەتانی موتاعاقبی ئێران لەژێر پالەپەستۆی دووەمین دیکتاتۆری رۆژهەڵات ڕەزاخان میللتی کورد بە خاوەن شەرەف و شایانی ژیان نەزانیوە، بە دیل و بە نالیقی زانیوون دەبا بە ڕەئی ئەوان نۆکەری تەبقەی حاکمەی ئێرانمان بکردایە، وێستا لە ساڵی ١٩٤٦ وە ئێمە ئیسپاتمان کرد کە میللتی کورد خاوەن شەرەف بو بەشهامەتە، نۆکری هیچ کەس قبوڵ ناکات و تێمان گەیاندن، هەروەکو دەبینن خودی هەیئەی حاکمەی تەهران ئیعتراف بەو مەزیبەتانەی ئێمە دەکەن و دەیانەوێ بە برادەری دەگەڵ ئێمە بژین و هیچ جیاوازی لە بەینی ئێمە و خۆیان ناکەن، ئەگەر وابو ئێمەش بە برادەریان دەزانین سەهلە بەڵکو بە برایان دەزانین چونکە ڕۆیی لە قوەتی ئازاو خواهی میللەتی فارس ئیستفادە بکەن و ئێمەش بە ئازادی و خواهەکاتی تەئریخی ئایندە ببەخشین، ئەگەر بەم جۆرە بۆ ئێمە هەروەکو دیارم کرد، برا ئەوانین وە ئیلا ئێمە ئەوان لەیەك دوورین ئامادەین بەخوێتی خۆمان ئازادی خۆمانیان لێ بکڕین هەروەکو دەڵێ ئەگەر سەرما و باران بۆیە بە زستانی دەزانین یان ئەگەر گەرما بۆ هەور لە ئاسمان برا بە هاوینی دەزانین پەیمانی تازەی تەورێز هەروەکو لە مادەکانی دیارە فێرمان دەکات کە حکومەتی ئێران ئیعتراف بە حقوقی ئێمە دەکات و لەهەموو (١٠٠) خوازمان دەزانی کەواتە پەیمانە ژیانی ئاسودە گیمانە، فاتیحەی برادەری میللەتانی فارس و کورد و ئازربایجانە، ئێمە ئەوە زۆر خۆشبەختین و ئامادەین دەگەڵ ئازاد خواهەکانی فارس و ئازربایجان لە هەڵبژاردنی نوێ بچینە سەر تەختی نوابمان لە تاران.

بەڵگەنامەکان

(١)





پاسپۆرتی د. ئەنوەر دڵسۆز
ئەندازیار هاوینی کچی بۆی ناردووم

(٢)

کردنەوەی زانکۆی باتریس لومومبا ١٩٦٠/٢/٥

(١)نەنوەر دڵسۆز لە زانکۆی (دۆستایەتی گەلان)، ٢) نیکیتا خرۆشۆف (١٨٩٤- ١٩٧١)

(٣)

برای بەڕێزم کاک تاریق !

سڵاو..

یەکەم و دووەم هەمان شتن .. بڕوانامەی وەرگرتنی پلەی ماجستێری ئەنوەر عەبدوڵڵا دڵسۆز لە یاسای نێودەوڵەتی لە ١٩٦٥/٥/٢٧ لە زانکۆی پاتریس لۆمۆمبا (صداقة الشعوب)بە زمانانی ڕووسی و ئینگلیزی- تیایدا نووسراوە کە ناوبراو ساڵی ١٩٦٠ لە زانکۆ وەرگیراوە و ساڵی ١٩٦٥ ماستەری وەرگرتووە.

(ڕووسییەکە وێنەی دڵسۆزی پێوەیە، ئینگلیزییەکەش بێ وێنەیە و نووسراوە-DIPLOMA)..

ДИПЛОМ

10730

Настоящий диплом выдан АНВАР АБДАЛЛА ДЕЛЬГОЗ

в 1960 году Университет Дружбы народов имени Патриса Лумумбы

в 1965 году окончил полный курс названного Университета

по специальности „Международная право"

Решением Государственной экзаменационной комиссии от 27 мая 1965 года АНВАР АБДАЛЛА ДЕЛЬГОЗ

присвоена квалификация юрист

Особые решения совета: АНВАР АБДАЛЛА ДЕЛЬГОЗ присуждена ученая степень Магистра юридических наук

Настоящий диплом дает право на самостоятельное выполнение всех работ, связанных с полученной квалификацией и специальностью.

Председатель Государственной экзаменационной комиссии

Ректор

Декан факультета

Москва 1965 г.

Регистрационный № 67

(٤)

СОЮЗ СОВЕТСКИХ СОЦИАЛИСТИЧЕСКИХ РЕСПУБЛИК

ДИПЛОМ

№ [illegible]0730

Настоящий диплом выдан АНВАР АБДАЛЛА ДЕЛЬГОЗ

в том, что он в 1960 году поступил в
Университет Дружбы народов
имени Патриса Лумумбы
и в 1965 году окончил полный курс
названного Университета
по специальности „Международное право"

Решением Государственной экзаменационной комиссии
от 27 мая 1965 года
АНВАР АБДАЛЛА ДЕЛЬГОЗ
присвоена квалификация юрист

Особые решения совета:
АНВАР АБДАЛЛА ДЕЛЬГОЗ
присуждена ученая степень
Магистра юридических наук

Настоящий диплом дает право на самостоятельное выполнение всех работ, связанных с полученной квалификацией и специальностью.

Председатель Государственной экзаменационной комиссии

Ректор

Декан факультета

Москва 1965 г.

Регистрационный № 67

Гознак. 1965 г.

(٥)



UNION OF SOVIET SOCIALIST REPUBLICS

5

DIPLOMA

ДИ № 000730

This is to certify that ANWAR ABDALLAH DILSOZ

was admitted in 1960 to the Peoples' Friendship University named after Patrice Lumumba

and in 1965 completed the full course of the same University

having specialized in International Law

The State Examination Commission certifies that he/she is qualified as a Lawyer

Special decisions of the Council:
ANWAR ABDALLAH DILSOZ
is awarded the degree
of Master of Law

He/she is entitled by this Diploma to carry out independent work of any kind connected with the above-mentioned qualification and speciality.

Chairman of the State Examination Commission

Rector

Dean of the Faculty

May 27, 1965

Moscow Regd No. 67

(٦)

دڵسۆز ئەنوەر
عەبدوڵڵا
لیستی
نووسراوەکان
وێنەی لاپەڕەکانی/
١٥،٢٥،٥٠

Дельсоз Анвар Абдулла

Список записей

Отображать: 15 | 25 | 50

کێشەی
چارەیخۆنووسی
میللەتی کورد لەبەر
ڕۆشنایی یاسای
نێودەوڵەتی

ПРОБЛЕМА
САМООПРЕДЕЛЕНИЯ
КУРДСКОГО НАРОДА В
СВЕТЕ МЕЖДУНАРОДНОГО
ПРАВА

تێزی دکتۆرا

Дельсоз Анвар Абдулла
1971. 290 с

دڵسۆز ئەنوەر
عەبدوڵڵا
١٩٧١ /٢٩٠ لاپەڕە

1

Страница 1 из 1. Записи с 1 по 1 из 1

Другие авторы

(٧)

ПРИКАЗ

ДЕЛОВОДСТВО АНЧАР АЛЬТА (Пред), вопреки

от идет, остается за вопросами и 22 мая 1971 года, в

оформлении срока предписания и вопросами

оформлении и описанию на родину.

Ректор

Заведующий

(٨)









этих государств. В 1823г. в Арзруме было подписано новое соглашение между ними, которое должно было прекратить разногласия и восстановить границы 1639 года.1/ Но разногласия между двумя государствами не только продолжались но и обострились. В ряде случаев дело доходило до военных столкновений. Каждая из сторон старалась толкнуть курдских феодалов против другой стороны. В 1842 году иранцы захватили город Карбала - религиозный центр шиитов, принадлежащий Турции. Турки, отвоевав обратно этот город, уничтожили много жителей этого города, которые помогали иранцам.

Шах Ирана Мухамед Мирза просил русского царя посредничать между двумя воюющими государствами, чтобы решить спорный вопрос путем переговоров.

В 1843 году в г.Арзруме состоялась встреча представителей Ирана и Турции, в присутствии представителя России - полковника Лайнеза и представителя Англии - полковника Харранта.2/

Во время этих переговоров в горах Курдистана, в районе Джезира, вспыхнуло одно из крупнейших восстаний курдов

- - - - - - - - - - - - - -

1/ H.Arfa, The Kurds, London,1966,p.22

2/ A.Safarastian, Kurds and Kurdistan.London,1948p.55

(١٠)

ل ١٥

سالی١٨٢٣ له نەرزەروم رێکەوتنێکی نوێ[1] له نێوانیان مۆرکرا، بەگوێرەی ئەم رێککەوتنە دەبوایە ناکۆکییەکانیان نەمنین و سنوورەکانی سالی ١٦٣٩ ی نێوانیان بکێشرێن. بەڵام ناکۆکیی نێوان هەردوو دەوڵەت نەک هەر مانەوە، بگرە توندتریش بوون و لە هەندێ حاڵەت کار دەگەیشتە پێکدادانی جەنگیش. هەرێک لە لایەنەکان هەوڵیدەدا فیودالەکانی کورد لە ژێر ئەویتر بەکاربهێنێ. سالی ١٨٤٢ ئێرانییەکان شاری کەربەڵایان گرت کە مەڵبەندێکی ئایینیی شیعەکان بوو. تورکیا، کە ئەم شارەی گرتەوە، زۆر لە دانیشتوانی شارەکەی کوشتن، ئەوانەی هاوپەیمانی ئێران بوون.

شای ئێران موحەمەد میرزا داوای لە قەیسەری ڕووسیا کرد کە ئێوبژێوانی هەردوو وڵاتی شەڕکەر بکات تا بە گفتوگۆ کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

سالی ١٨٤٣ لە شاری نەرزەروم نوێنەرانی ئێران و تورکیا کۆبوونەوە بە ئامادەبوونی نوێنەری ڕووسیا- پۆڵکۆفنیک داینیزی و نوێنەری ئینگلتەرا پۆلکۆفنیک فارانتا.[2]

لە هەمان کاتی دانوستانەکان ، لە چیاکانی کوردستان، لە ناوچەی جزیری، یەکێک لە گەورەترین ڕاپەڕینەکانی کوردان بەرپابوو.....

[1] H.Arfa, The Kurds,London,1966,p.22
[2] A. Safarlestlan. Kurds and Kurdistan. London, 1948.p.55

1

ти и старались сохранить целостность каджарской династии. Более того в конфликтах между царской Россией, Турцией и Ираном курды воевали на стороне своих поработителей. Правители Турции и Ирана, обманывая народ, объявляли, что война с русскими является религиозной войной против "гяуров" - безбожников. Такое положение с курдами продолжалось до начала XIX века. К этому времени русские почувствовали враждебное настроение курдов к иранской власти чуждой им.

Русские начинают входить в контакт с курдами и склонить их на свою сторону. В войне Россия с Ираном 1804--1813 г.г., командующий русской армии устанавливает связь с курдами, имея ввиду, что две трети иранской армии составляли курды.[1] "После окончания войны 1804-1813 г.г. и переходом к Российской империи (в составе прочих земель) Карабахского ханства среди народов Российской империи оказались и курды, населявшие это ханство".[2]

Во время русско-иранской войны 1826-1828 г.г. курдские племена оказывали большую помощь царской армии, так как военные действия проходили вблизи их расселения. После окончания этой войны, Эриванское ханство отошло к России, число курдов в России увеличилось.

I/ А.Р.Касимло. Курдистан и курды. Прага, 1966г. стр.35.

2/ Н.А.Хамдин. Борьба за Курдистан. стр.39.

(١٢)

ل ٢٥

نەمان هەوڵیاندەدا یەکێتیی بنەماڵەی قاجاری بپارێزن. جگەلەوە، کورد لە جەنگەکانی نێوان ڕووسیا، تورکیا و ئێران دا بۆ بەرژەوەندیی چەوسێنەرانی خۆیان دەجەنگان. حکومەتەکانی ئێران و تورکیا لە شەڕەکانیان لەگەڵ ڕووسیادا خەڵکیان بەوە چەواشەدەکرد کە ئەمە جەنگێکی ئایینییە دژی "کافران". ئەم ڕەوشەی کورد بەردەوامبوو تاکو سەرەتای سەدەی نۆزدەم. لەو کاتەدا ڕووس درکیان بە هەڵوێستی دوژمنکارانەی کورد کردبوو بەرامبەر بە دەسەڵاتی ئێران.

ڕووسەکان دەستیانکرد بە کۆنتاکت لەگەڵ کوردان بە مەبەستی ڕاکێشانیان بەلای خۆیاندا. لە جەنگی نێوان ڕووسیا و ئێراندا لە ساڵانی ١٨٠٤-١٨١٣، سەکردە جەنگییەکانی ڕووسیا پەیوەندییان دروستکرد لەگەڵ کوردان، بەو حسێبەی کە کورد ٣/٢ ی سوپای ئێرانیان پێکهێنابوو[3]. / "لەوای کۆتایی جەنگی ١٨٠٤-١٨١٣، خاکەی قەرەباغ یەکێک بوو لەو ناوچانەی کەوتنەدەست ئیمپراتۆریای ڕووسیاوە کە کوردیشی لێ دەژیان و ، بەم جۆرە، کورد لەنێو دانیشتوانی ئیمپراتۆریا پەیابوون"[4].

لە جەنگی ڕووسیا-ئێران ساڵانی ١٨٢٦-١٨٢٨، خێڵەکانی کورد یارمەتیی زۆری لەشکری ڕووسیایان دا ، جونکە کردە جەنگییەکان لە نزیک ناوچەکانی نەماوە ڕوویاندەدا. لەوای تەواوبوونی جەنگەکە خاکەی ئێریڤان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیاوە و بەمەشەوە ژمارەی کورد لە ڕووسیا زیتر بوو.

---

[3] ئاسملو، کوردستان و کورد. پراگ ١٩٦٦، ل٣٥ (بە زمانی ڕووسی)
[4] ن. ا. خالفین. خەبات لەپێناو کوردستان دا. ل.٣٩ (بە ڕووسی)

(١٣)

такие некоторые территории, ранее находившиеся в составе Османской империи (Палестина, Ирак и др.), оказались под контролем Британского империализма. Франция распространила свое колониальное господство на Сирию и Ливан, ранее входившие в Османскую империю, и получила, как и Англия, "мандат на управление частью бывших африканских владений Германии. Япония утвердила свою колониальную власть над ранее принадлежавшими Германии тихоокеанскими островами - Маршальскими, Каролинскими, Марианскими. "Куро от колониального пирога" урвала себе и Бельгия, получившая в наследство от Германии территорию Руанди-Урунди в Восточной Африке. Таким образом, для многих угнетенных народов непосредственным результатом империалистической войны 1914 - -1918 г.г. явилась лишь смена хозяев, но отнюдь не устранение колониального рабства. Решающее значение для судеб народа, томившихся в тисках колониальной системы, имело не столько ослабление империалистов в результате войны, сколько тот факт, что ослабленный в целом империализм перестал быть полновластным властелином мира, что фронт мирового империализма был прорван. Из системы мирового империализма выпала огромная страна - Россия. В условиях существования социалистического государства на шестой части земной суши империализм утратил свою роль всемирного господства.

(١٤)

ل ٥٠

